بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

141
25 ی ئەیلول/ سێپتێمبەری 2026



## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ هاوڕێ: عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی دەربارەی پلینۆمی ٣٣ی کۆمیتەی ناوەندی حزب

بۆ لاپەرە ٣



## کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بنەماڵە، پێشمەرجی کۆتاییهێنانە بەم کابوسستانە!

ڕێبوار ئەحمەد

بۆ لاپەرە ٥



## لە دەستپێکی ساڵی تازەی خوێندندا!

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەرە ٩

* ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینۆمی ٣٣ ی کۆمیتەی ناوەندی حزب .... لاپەرە ٧
* بڕیارنامە دەربارەی خەبات دژی گرانی! پەسەندکراوی پلینۆمی ٣٣ی کۆمیتەی ناوەندی حزب ... لاپەرە ١٦

* حوسیەکان و سعودیە و بابولمەندەب!
عوسمانی حاجی مارف ..... لاپەرە ١٠
* کاریگەریەکانی شەڕی حوسیەکان و سعودیە !
نوری بەشیر.....لاپەرە ١٢
*نا بۆ بەدەسەڵاتی بنەماڵە و تائیفی!
عوسمانی حاجی مارف.....لاپەرە ١٤

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**



موحسین کەریم

## قوتابخانە یان قەسابخانە!

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ئەیلول/ سێپتێمبەری ٢٠٢٦، یارا ئاریان ئەحمەد، خوێندکاری کچی تەمەن (١٠) ساڵ، پۆلی چوارەمی سەرەتایی، لە قوتابخانەی ئەهلی ( ڕۆیال کەنەدیان ئینتەرناشناڵ) لە شاری ئابوریناسان لە سلێمانی، دوای تەواوبوونی دەوام، لەکاتی چوونەدەرەوە بەرەو ماڵ، بەداخەوەخۆی دەکێشێت بە یەکێک لە دەرگا شوشەکانی خوێندنگاکەدا و بەهۆی شکانی شووشەکەوە، بە سەختی بریندار دەبێت. سەرەڕای گەیاندنی بە نزیکترین نەخۆشخانە(نەخۆشخانەی شۆڕش)، بەڵام بەهۆی قووڵی برینەکەی و خوێن لەبەرڕۆشتنەوە ماڵاوایی لە ژیان دەکات!

ئەگەرچی لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ڕوداوەکە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە دەستی پێکردوە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ڕووداوەکە ئاکامی کەمتەرخەمی و چاوچنۆکی ئەو کۆمپانیایەیە کە قوتابخانەکەی دروستکردوە. کۆمپانیای ناوبراو لەکاتێکدا هەزارو یەک حسابی کردوە لەڕووی تەکنۆلۆژیای خانوبەرەوە، بۆئەوەی قازانجی خۆی لە دروستکردنی شارێکی نیشتەجێبوون دابین و مسۆگەر بکات، دەیان ملیۆن دۆلاری لە فرۆشتنی شوقە و ڤێلا بەدەستهێناوە، بەڵام ئامادە نەبووە سەرەتاییترین پێودانگەکانی سەلامەتی لەناو خوێندنگاکەدا دابین بکات، کە ئەویش دیسانەوە بووتە ناوەندێکی بازرگانی و کەڵەکەکردنی قازانج لەسەر حسابی گیرفانی کەسوکاری منالان بەناوی خوێندن و خوێندنگەی ئەهلیەوە.

بۆ لاپەرە ٢

# درێژەی.......قوتابخانە یان قەسابخانە!

بەپێی ڕێنماییەکانی سەلامەتی لە خوێندنگاکاندا، دەبێت دەرگای شووشە، بەتایبەتی ڕوون کە ئەگەری بەرکەوتنی منداڵانی هەیە، لە شووشەی تایبەتی (سیکوریت) یان (شووشەی سەلامەتی لامینەیت) دروستبکرێت، کە لەکاتی شکاندا پارچەی گەورە و تیژی لێنابێتەوە و نابێتەهۆی بریندارکردنی منداڵانی خوێندکار. بەڵام ئەوەی کە پارچە شووشەکە بوەتە هۆی دروستکردنی برینی قووڵ لە جەستەی (یارا)دا و خوێن لەبەرڕۆشتنی زۆر و سەرەنجام ژیان لەدەستدانی، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو شووشەیەی دەرگاکەی لێ دروست کراوە، شووشەی ئاسایی بووە و لەکاتی بەرکەوتنیدا شکاوە و پارچەی گەورەو تیژی لێبۆتەوە! بەوجۆرە بەشێکی گرنگ لە بەرپرسیاریتی ژیان لەدەستدانی( یارا) دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای خاوەن شاری ئابوریناسان کە خوێندنگاکەی دروستکردووەو ڕەچاوی بنەماکانی سەلامەتی نەکردووە!

لەلایەکی دیکەوە، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگا، بێبەش نابێ لە بەرپرسیاریتی بەرامبەر مەرگی (یارا)، بەوەی ڕەچاوی مەرجەکانی سەلامەتی منداڵانی خوێندنگاکەی نەکردوە و ئامادە بووە لە دۆخێکی مەترسیداردا درێژە بە پرۆسەی خوێندن بدات. چونکە ئەگەر خاوەن کۆمپانیا تەنها بیر لە بەرژەوەندی و قازانجی خۆی دەکاتەوە، ئەوا دەبوایە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگاکە، کە گوایە ئەهلیەو ستانداردەکانی خوێندن و یاساو ڕێساکانی خوێندنگاو سەلامەتی و... تاد. هەمووی لە ئاستی بەرزدایە کە بەراورد ناکرێ بە خوێندنگا حکومیەکان، ئەو جۆرە شووشەیەی قبوڵ نەکردایە! بەڵام دیارە لەکاتێکدا خوێندن کە مافێکی سەرەتاییە، بکرێتە کەرەستەیەکی بازرگانی و کەڵەکەی قازانج بۆ کۆمپانیاکانی خوێندنی ئەهلی، ئەوا هەمان بنەمای (قازانج پێش سەلامەتی) کاری خۆی دەکات و ئەنجامەکەشی مەرگی خوێندکارێکی دە ساڵان دەبێت!

بەڵام لەسەروو هەموویانەوە، حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردەکەی بەرپرسیاری یەکەمن لە مەرگی تراژیدی (یارا) و چەندین ڕووداوی دڵتەزێنی دیکە کە لە خوێندنگاکانی هەرێمدا ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن. حکومەتی هەرێم بەوەی لەلایەکەوە، خوێندنی حکومی بەرەو نابوتی و پووکانەوە بردووە، بەهۆی ئەوەی کوالیتی خوێندنی لە خوێندنگا و زانکۆ حکومیەکاندا تا ئەوپەڕی خراپی هێناوەتە خوارەوە، بەوەی کە زۆربەی خوێندنگاکان کۆنن و کەمترین ڕێساکان و بنەماکانی سەلامەتی تێدا لەبەرچاو نەگیراوە، بەوەی کە ژمارەی خوێندنکاران لەهەر پۆلێکدا دوو هێندەی ژمارەی ڕێگاپێدراوە بەپێی ستانداردەکانی خوێندن، دەرگای بۆ کۆمپانیاکانی خوێندنی ئەهلی واڵاکردووە کە کەرتی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن بەگشتی بۆ خۆیان پاوان بکەن و ملیۆنەها دۆلار لەو ڕێگایەوە بۆخۆیان کۆبکەنەوە، بەڵام لەولاشەوە چاوپۆشی دەکات لە پابەندکردنیان بە مەرجەکانی سەلامەتیەوە. ئەگەر حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنەکەی بەقەدەر نوکە دەرزیەک ژیان و سەلامەتی خوێندکارانیان بۆ گرنگ بوایەت، دەبوایە کوالیتی و بابەتەکانی خوێندن، کەرەستەکانی فێرکردن و پێوداگەکانی سەلامەتی لە خوێندنگا حکومیەکاندا بۆ بەرزترین ئاست بەرزبکردایەتەوە، تا خەڵک ناچار نەبن منداڵەکانیان ڕەوانەی خوێندنگا ئەهلیەکان بکەن. هەروەکو دەبوایە خوێندنگا ئەهلیەکانی بە قورسترین مەرجەکانی سەلامەتی پابەند بکردایە! بەڵام بێگومان حکومەتی هەرێم، خۆشی وەکو کۆمپانیا قازنجهێن و چاوچنۆکەکان خەریکی تالانکردنی گیرفانی خەڵکەو ژیانی خەڵک بۆئەو بەقدەر پووشێک بایەخی نیە!

لە کۆتاییدا، کاردانەوەی هاوڵاتیان بەتایبەتی لە شاری سلێمانی کە ڕودواوەکە تێدا ڕوویداوە، دەرخەری هوشیاری و هەستی مرۆیی بەرزی ئەو خەڵکەیە بەرامبەر بەو ڕووداوە دڵتەزێنە، هەروەکو بە دروست هۆکاری تاوانەکەیان دەست نیشان کردوە و حکومەت و کۆمپانیاکانی خوێندنی ئەهلی بە کەمتەرخەم دەزانن. ئەم هەستی مرۆیی و هاودەردیەی خەڵک لەگەڵ مەرگی (یارا) و کەسوکاریدا دەتوانێ ببێتە فشارێکی ڕاستەقینە و کاریگەر بۆ سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە، بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی کەمتەرخەم و بەسزاگەیاندنیان، هەروەکو دەتوانێ هاندەرێک بێت بۆ بەرینکردنەوەی خواستی کۆتاییهێنان بە خوێندنی ئەهلی و بازرگانیکردن بە خوێندنەوە و پەرەدان بەئاست و کوالیتی و بردنەسەری ستانداردەکانی خوێندنی لە خوێندنگا و پەیمانگاو زانکۆ حکومیەکاندا.

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.net/ku/
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: https://www.facebook.com/profile.php?id=100077197332210

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ هاوڕێ:

## عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب

## دەربارەی پلینۆمی ٣٣ی کۆمیتەی ناوەندی

**ئۆکتۆبەر: هاوڕێ عوسمان، وەکو ئاشکرایە پلینۆمی ٣٣ی کۆمیتەی ناوەندی لە هەلومەرجێکی سیاسی زۆر هەستیاری ناوچەکە و کوردستانیشدا بەڕێوەچوو، دەکرێ لەوبارەیەوە جێگاو بایەخی سیاسی پلینۆم و ئەو ئاراستەی سیاسیە کە دەکرێ پلینۆمی ٣٣ی حزبی پێ بناسرێتەوە، ڕوون بکەیتەوە؟**

عوسمانی حاجی مارف: کاتێک باس لە هەلومەرجی هەستیار دەکەین پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو دۆخە هەستیارە چیە؟، ئاشکرایە کە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ٢٨ی شوباتەوە بۆ سەر ئێران چ دۆخێکی نالەباری لە ناوچەکەدا خولقاند، بەجیا لەوەی ژیانی خەڵکی ئێرانی لە تەواوی شەڕی ئەو چل ڕۆژەدا کرد دۆزەخ، لە هەمانکاتدا مەترسی ئەوە دەکرا ئەم شەڕە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە، چل ڕۆژ تەواوی دنیا چاودێری ئەو شەڕە و ئاکامەکانیان دەکرد و بینەری کارەساتەکانی بوین.

دوای ئەو چل ڕۆژە لە ٧ی ئەپریلدا ئاگربەستی دوو هەفتەیی لەلایەن ئەمریکا و ئێرانەوە ڕاگەیەندرا، بەڵام حاڵەتێکی زۆر نالەباری وەهای لە ناوچەکەدا پێکهێنا کە تا ئێستا وەستانی شەڕەکە یەکلایی نەکراوەتەوە، واتە نە شەڕ نە ئاشتی، ئەمەش ئەو هەلومەرجە هەستیارەیە کە دۆخێکی تەواو ئاڵۆزی خستوتە سەر شانۆی سیاسی ناوچەکە، کە ئاراستەی ململانێکان و کۆتاییەکەی بە کۆیدەگات، نادیار و شێواوە، تەواوی وولاتان و هێز و لایەنەکان و دانیشتوانی ناوچەکە لە حاڵەتێکی چاوەڕوانیدایە، هەربۆیە پلینۆمی ٣٣ جەختی لەسەر ئومێد و ئاسۆیەک بوو کە چۆن بزوتنەوەی کرێکاری و خەڵکی کوردستان دەرکێشین لە کاریگەری نەرێنی ئەو دۆخە و حزب هەنگاوی بەرەو پێش بگرێتەبەر و لە هاوکێشە سیاسیەکاندا دەورێکی پێشرەوانە بگێرین، تا لەمەیدانی شەڕێکی چینایەتیدا دژ بە تەواوی پۆخڵەواتەکانی بورجوازی کوردستان حزورمان هەبێت و بجەنگین، واتە دەوری ئێمە و خەڵکی ئازادیخواز لە ئێستادا هەوڵدانە بۆ تێپەڕاندنی ئەو چاوەڕوانیەی کەخەڵکی نارازی و تورە بەدەسەڵاتی کوردایەتی ڕاگرتووە، هەربۆیە بەرنامە و باسەکان و بڕیارەکانی پلێۆنومی ٣٣ کە جەختی لەسەر ئەو ئاراستەیە کردبووەوە، کە ئاسۆ بەخش بێت، بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی حزب، بە حزوری لە مەیدانی ململانێ و ئەو شەڕەی بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی پێداویستیەکی حەیاتی و سیاسی و کۆمەڵایەتیە.

**ئۆکتۆبەر: لە ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینۆمدا ئاماژەتان بەوە کردووە کە پلینۆم کۆمەڵێک بابەتی سیاسی گرنگی لە بەرنامەی کاری خۆیدا جێگاکردۆتەوەو خراونەتە بەر قسەوباس و بڕیاری پێویست لەبارەیانەوە دراوە، ئایا بە بڕوای ئێوە گرنگترین باسەکانی پلینۆم و لە دەوری چ پرس و مەسەلەیەکی عەمەلی کۆبوەتەوەو ڕاوەستاوە؟**

عوسمانی حاجی مارف: سەرەتا باس لەسەر دۆخی سیاسی حزب بە فراوانی کرا، ئەم باسە گرنگیەکی جدی و تایبەتی هەبوو لە نێو باسەکانی پلینۆمدا، هەر بۆیە ریژەیەکی زۆری لە کاتەکانی پلینۆمی بۆ تەرخانکرا، تەواوی هاوڕێیان بەشداریەکی کاریگەر و پێشرەو و هاوبەشیان بوو لەسەر هەڵسەنگاندنی دۆخی حزب دەربارەی کەموکورتی و پێشرەویەکانی، لە هەمانکاتدا چۆنیەتی چونەپێشەوەی کاروبارەکانی ئایندەی حزب، ئەوەی لەم باسەدا جێگای بایەخە، جەختکردن بۆ لەسەر کارکردن بە ئومێد و ئاسۆیەک کە پێویستە ببێتە بنەمای ئاڵوگۆڕ لە جێگاوڕێگای حزب لەنێو هاوکێشە سیاسیەکان و بەرزکردنەوەی پێگەی لە نێو بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمەڵگەدا، ئەمەش پێوستی بە ئامادەبونی ڕابەریەکە ئەو ئاسۆیە بەردەوام بەرز ڕاگرێت، خودی ئەم باسە بە ئەنجامگیری ئیجابی گەیشت و دۆخێکی ئامادەکاری و شۆڕوشەوقێکی باڵای لەنێو هاورێییاندا بەدیهێنا.

باسێکی ترکە لەسەر هەلومەرجی سیاسی کوردستان بوو، لەم بابەتەدا زیاتر تیشک خرایە سەر دەوری هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و بەردەوامی ئەم هەلومەرجە و کاریگەری لەسەر ناوچەکە، بەگشتی و دۆخی سیاسی کوردستان بە تایبەتی، لەم بارەیەوە باس لەسەر ئەوە کرا کە دۆخی سیاسی کوردستان، ئاڵوگۆڕی جدی بەسەردا هاتووە و بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کورد لە تەواوی ناوچەکە بە گشتی لە قەیراندایە، هەروەها هاوکێشەکان گۆڕاون و پێگەی هێزە سیاسیەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، کێشەکانی کوردستان لە ناوخۆ و لە پەیوەند بە عێراقەوە گرفتی تازەی هێناوەتە پێشەوە، کە پێوست دەکات قسەی جدیان لەسەر بکرێت، بەهەر لێکدانەوەیەکی دروست کە پێشتر بومانە لەسەر دۆخەکە و دەوری ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لەسەر بنەمای ئەو

ئاڵوگۆڕانە بەردەوام پێویست دەکات حزبمان لەم بارەیەوە باسی زیاتر و ڕۆشنکردنەوەی زیاتر بدات و ئەولەویاتەکانی دیاری بکات.

هەروەها لە درێژەی باسی هەلومەرجی سیاسی کوردستان، قسەوباس لەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتی بنەماڵە و حکومەتی تائیفی کرا، جەخت لەسەر کارکردن بۆ کۆتاییهێنان بەو جۆرە دەسەڵاتانە بە پێویستی گەشەی خەبات و نارەزایەتیە جەماوەریەکانەوە گرێدراوە، لە هەمانکاتدا پێویست دەکات حزبمان دەوری پێشرەو و کاریگەری هەبێت لە بەڕێخستنی بزوتنەوەیەک لە ئاستی عێراق و کوردستاندا بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی تائیفی و بنەماڵەیی. بەدوای ئەو باسەشدا دەربارەی گرانی و هەژاری کە خەڵکی کوردستانی خستۆتە دۆخێکی نالەبار و نەخوازراوەوە قسەو باسکرا، هەر لەو بارەیەوە بڕیارنامەیەک پەسەندکرا، هەروەها سەبارەت بە سیاسەتی ڕێکخستن لەناو کرێکاران و کۆمەڵگەدا قسەوباسی تەفسیلی کرا، لەهەمان کاتدا لەوبارەیەشەوە بڕیارنامەیەک پەسەند کراوە.

**ئۆکتۆبەر: یەکێک لە بەڵگەنامەکان و لە وەڵامەکەی ئێوەشدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵگەنامەی خەبات دژی گرانی و هەژاری بوە. بایەخی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەیەکی لەوجۆرە لە ئێستادا لە چیدایە؟ هەروەها ئەو هەنگاوە عەمەلیانە چیە کە دەتانەوێ بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەو بەڵگەنامەیە دەستی بۆ بەرن؟**

عوسمانی حاجی مارف: ئەو بەڵگەنامەیە لە چوارچێوەی ئەو واقعەوە دەرکێشراوە، کە بۆرجوا ناسیۆنالیستی کورد لەگەڵ ئەوەی لەبەرامبەر هەر قەیرانێکی سیاسیدا دەرگیر بون و بەجۆرێک بە بنبەست گەیشتوون، بەڵام پاوانخوازیان بە سەر سەروەت و سامانی کوردستاندا و چڕکردنەوەی زیاتری کەڵەکەی سەرمایە بە جەردەیی و تالانچێتی، هەروەها ئیستغلال کردنی زیاتر بە سک هەڵگوشینی کرێکاران و زەحمەتکێشان، هەڵکشانی بێکاری و نەداری، ئاشکرایە کە هەوڵدەدەن فەلاکەت و هەژاری بسەپێنن و بیکەنە واقیعێکی سروشتی و ژیانێکی قەبوڵکراو بەسەر ڕیزێکی بەرین لە دانیشتوانی کوردستاندا، بەم شێوەیە دەیانەوێت هەژاری وەک بە فەرمی ناسینی دیفاکتۆی ژیانی خەڵک قەبوڵ کرێت، ئەم بەڵگە نامەیە و باسەکەی لە پلینۆمدا جەختی لەسەر ئەوە بو کە پێشبینی دەکرێت بورجوازی کورد، خەڵکی کوردستان بخاتە بەردەم مەترسی ئایندەکی نەخوازراو، بەم شێوەیەش نارەزایەتیەکان لە قاڵب بدات، دۆخی ئاواڵە بۆ کەڵەکەی سەرمایە زیاتر بخاتە سەرپشت، لەم واقعەوە بەڵگەنامەکە ڕێگای خەبات و هەنگاوە عەمەلیەکانی بەرەنگار بونەوەی ئەو واقعە تاڵەی خستۆتە ڕوو، کە پێویستە پێشوەخت ڕێگە بە تەشەنەی هەژاری و برسێتی بگرین.

**ئۆکتۆبەر: لە یەکێک لە بەرنامەکانی پلینۆمدا باسی دەسەڵاتی بنەماڵەیی دەکەن، ئایا دەتانەوێ لەوبارەوە چی بڵێن؟ بۆچی ئەم باسە هاتۆتە ناو بەرنامەی کاری پلینۆمەوە؟ بەدیلی سیاسی بۆ ئەمجۆرە دەسەڵاتە چیە؟**

عوسمانی حاجی مارف: هەڵبەتە ئەم باسەش وەک درێژکراوەی هەمان ئەو باسانەی پێشووە، کە لەئاراستەی ئامادەیی خەباتی سیاسی حزبە بۆ دەورو دەخاڵەتی لەو ئاڵوگۆڕانەی کۆمەڵگەی کوردستان و عێراق تیا دەچەرخێ، دیمان کە بەدوای ١٩٩١ لە کوردستان و ٢٠٠٣ لە عیراقدا، چۆن هێزە میلیشیاکان لە ئەحزابی ناسیۆنالیست و ئیسلامی هێژمۆنی خۆیان بە هێزی چەکداری بەسەر حکومەتدا جێگیرکرد، حکومەتێکی بەشبەشێنەیان لە نێوان هێزی تاتیفی و بنەماڵەییدا دامەزراند، چوارچێوەی حوکمرانیان بەو شێوەیە کردە واقیعەتی سەپێنراو بەسەر عێراقدا. ئەتوانم بڵێم ڕەسمیەتدان بەم دەسەڵاتە و درێژەپێدانی بۆتە کابوسێک بەسەر ژیانی دانیشتوانی عێراق و کوردستانەوە، لەهەمانکاتدا ئامرازێکی دەسەڵاتە کە مایەی ئەوپەڕی وێرانکاری و فەلاکەت و قوربەسەریە بۆ خەڵکی، لەهەمانکاتدا وەک پێکهاتەیەک بۆ پاراستنی سەرمایە و کەڵەکەی زیاتری سەرمایە، سەرچاوەی عەزابی توندی کرێکاران و زەحمەتکێشانە، سەرچاوەی زیاتر هەژار کردن و برسی کردنە، هەڵبژاردنی حزبمان بۆ جەختکردن لەسەر وەستانەوە دژی دەسەڵاتی تائیفی و بنەماڵە و خەباتکردنە بۆ کۆتایی ئەم دەسەڵاتە، لە هەمانکاتدا بەرزکردنەوەی دروشمی "کۆتاییهێنان بە حوکمی تائیفی و بنەماڵە"، "نابۆدەسەڵاتی بنەماڵە" لەو واقیعەتەوە باسی لەسەر کراوەو پەسەند کراوە، تا کاری لەسەر بکەین، لەهەمانکاتدا پەیوەست بونە بە ڕیزێکی بەرینی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان و عێراقەوە، کە بێزرا و تورە و نارازیە لەبەرامبەر ئەم پێکهاتەیەدا، خواستێکی بەرین و واقعی خەڵکی عیراق و کوردستانە کە دەسەڵاتی بنەماڵە و تائیفی لە گەڵ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیاندا بەهیچ جۆرێک ناگونجێت.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر شتێکی دیکە کە خۆت پێتوایە گرنگە لەسەر پلینۆم باسی بکرێ لەو پرسیارانەدا نەهاتوە؟**

عوسمانی حاجی مارف: ئەتوانم بڵێم ئەو بنبەست و بێدەنگیەی لە ئاستێکی دیاریکراودا کە زۆر کەس و لایەن لەبەرامبەر ئاڵۆزی و نالەباری دۆخی سیاسی ئێستای ناوچەکەدا هەیانە بێئاسۆیی و سەرگەردانیان پێوە دیارە، ئەم پلنۆمە بە باسەکان و ئامادەییەکانەوە هەنگاوێکە بۆ کردنەوەی دەرگای ئاسۆیەک کە پێویست دەکات پەیوەندیەکی پتەوتر لەگەڵ یەکتر و کەسان و لایەنی تردا ڕێکبخەین، لەهەمانکاتدا هەوڵبدەین دەوری ڕێکخەر و پێشرەو لەنارەزایەتیەکاندا بچەسپێنین.

# کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی بنەماڵە، پێشمەرجی کۆتایهێنانە بەم کابوسستانە!

ڕێبوار ئەحمەد

کوردستان و خەڵکی کوردستان لەسایەی دەسەڵاتی داسەپاوی دوو بنەماڵەدا خەریکە لەناو جەور و ستەم و بێدەرەتانیدا دەخنکێن. ئەم دوو بنەماڵەیە سەرو میلیشیا و کۆمەڵێک دەزگای سەرکوت و گەوجاندنیان دامەزراندوە و بەدەر لەهەر یاساو شەرعیەت و پرەنسیپێکی مەدەنی، دەستیان بەسەر دەسەڵات و سامان و داهاتی ئەم کۆمەڵگایەدا گرتووە. کۆمەڵکیان کردووە بە مورید و دەستیار و پاسەوانی گوێلەمشتی خۆیان و جەماوەرێکی ملیۆنیان پێ پەخسیر کردوە. تەواوی ژیان و چارەنوسی خەڵکیان کردوە بە بارمتەی بەرزکردنەوەی قەڵای سەروەتی خۆیان و کەمایەتیەکی سەرمایەدار. جەماوەرێکی ملیۆنی بە کار و ڕەنج و ماندووبوونی بێسنور فریای دابینکردنی ژیانێکی سادە بۆ خێزانەکانیان ناکەون. دەسەڵاتی ئەم دوو بنەماڵەیە، کە لەئێستادا ئەڵگۆی بەرجەستەبووی دەسەڵاتی چینی بورژوازی کوردە، هەرچی مانای پێداویستیەکانی ژیانە لە خۆراک و پۆشاک و سوتەمەنی و ئاو و کارەبا و خوێندن و تەندروستی و هەموو شتێکیان کردوە بە بابەتی بیزنسی ئەم دوو بنەماڵەیە و دەستوپێوەندەکانیان.

بەشێکی زۆر لە کرێکاران ئەگەر شانسیان هەبێت بە کاری تاقەتپڕوکێنی ڕۆژ تا ئێوارە لە کارگە یان بیناسازی یان ژینگەپارێزی و.. بە ٣٠٠-٥٠٠ ئەوپەڕی ٦٠٠ هەزار دینار پەیدا بکەن، یان دوای دەیان ساڵ خزمەت و ماندووبوون خاوەن خانەنشینیەکی ٥٠٠ هەزار دیناریش بن، هەموو کرێ و مووچەکەیان بەشی دوو سەردانی دکتۆر یان یەک شەو مانەوە لە نەخۆشخانەی ئەهلی ناکات، چۆن دەکرێت بەم داهاتە کرێی خانو و خۆراک و پۆشاک و دکتۆر و دەرمان و سوتەمەنی و ئاو و کارەبا و هاتوچۆن و خوێندن..و...بۆ خێزانێک دابین بکرێت؟! لێشاوێک لە گەنجانی دەرچووی زانکۆکان تەنانەت کار و داهاتێکی وەهاشیان بۆ بووەتە ئاواتێکی دوورەدەست. دۆخی کرێکارانی دیکە و مامۆستا و کارمەند و کاسبکارانی تریش هەروایە، تەنانەت ئەگەر جیاوازیەکی کەمیشی هەبێت، بەڵام هەرگیز بەرگەی ئەو دۆخی ژیان و گرانیە کەمەرشکێن و سەختە ناگرێت کە بەرۆکی پێگرتوون. بەم حاڵەشەوە ڕێژەیەکی گەورەی خەڵک بێکار و بێدەرامەتە. دامەزران نیە، پلە بەرزکردنەوە نیە. مووچەیەکیش کە تەنها چەند سەعاتێک لە دەست و گیرفانی کرێکار و کارمەند دەمێنێتەوە، بە هەزار ئەگەر و نەگەرەوە هەمیشە دەبێتە میوانی درەنگوەختی خەڵک.

دەسەڵاتی دیستۆپیست(ستەمکار، زۆردار، ڕەها و ناقانونی، ناشەرعی، سەرکوتکەر)ی بنەماڵەیی و میلیشیایی کە خەڵکی بە سەدو یەک قەیدو بەندی ئابوری و سیاسی گیرۆدە کردووە، بەڵام خۆی پابەندی هیچ بەرپرسیارێتیەک نیە بەرامبەر ژیانی خەڵک. ئەوانەی لە ڕابردودا ناویان خزمەتگوزاریە گشتی و دەوڵەتیەکان بوو، هەنگاو بە هەنگاو بە بەرنامەوە بەرەو پوکاونەوە و لەناوبردن براون، کەچی لیستی ئەو باج و سەرانە جۆراوجۆرانەی لەسەر خەڵک و کاسبکار و بازاڕ و هەموو مامەڵەیەک دانراوە هەتا بێت درێژتر دەبێتەوە. لەکۆتاییشدا قورسایی هەموو ئەمانە خەڵکی کرێکارو مامۆستا و کارمەند و کاسبکار دەیداتەوە و لە قاڵبی گرانبونی نرخی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە بەرۆکی ئەوان دەگرێتەوە. داهاتی ئەم باج و سەرانەیش ڕێکوڕاست دەچێتە خەزێنەی هەرگیز پڕنەبووی هەردو بنەماڵە و دەستوپێوەندەکانیانەوە. نەوت بە قانونی و قاچاخ دەفرۆشن و داهاتی بۆ خۆیانە، باج و سەرانە و گومرکی هەمەجۆرە وەردەگرن و داهاتەکەی بۆ خۆیانە، موڵکی دەوڵەتی و شارەوانی دەفرۆشن پارەکەی بۆ خۆیانە، سەدویەک کۆمپانیای جۆراوجۆریان دامەزراندوە و لە خۆراکەوە تا تەندروستی، تا خوێندن، تا ئاو، تا کارەبا، تا خانوبەرە، تا سوتەمەنی و هەموو مەیدانەکانی کار و بازاڕ و بازرگانیان قۆرخ کردوە. ئەم دەسەڵاتە لەسەرەوو هەموو ئەوانەوە دەیان مووچەی ئەم خەڵکە قەرزارە. حکومەت قەرزی خەڵک ناداتەوە، بەڵام ئەگەر هاوڵاتی قەرزی داسەپاوی حکومەت نەداتەوە، ئاو و کارەبای دەبڕدرێت.

دەسەڵاتی ئەم دوو بنەماڵە تالانگەرە بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێک شەرم و شکۆی هەبێت، لە میدیاکانی خۆیانەوە، دۆخی کارەساتبار و دڵتەزێنی ئەو خێزانانە نمایش دەکەن کە نەداری خنکاندونی و بەحاڵ هەناسە دەدەن. هانیان دەدەن باسی ژیانی کارەساتباری خۆیان بکەن و بەدەم گریان و کورزانەوە و پاڕانەوەوە، تکا لە دەوڵەمەند و سەرمایەداران بکەن بۆئەوەی ڕەحمیان بجوڵێ و وەکو خێر و سەدەقە خەرجی نانی وشک یان سەرپەنا یان نەخۆشە بێچارەکانیان بۆ دابین بکەن. ئەم دوو بنەماڵەیە کە لەسەر قەڵای سەروەتی بێسنوری نەوت و داتەکاندنی گیرفانی خەڵک و بە بیزنسکردنی تەواوی پێداویستیەکانی ژیانی خەڵک دانیشتون، کەچی مایکرۆفۆن دەخەنە بەردەم خەڵک و ڕێگای کوروزانەوە و پاڕانەوە بۆ خێروسەدەقەیان نیشان دەدەن.

دەسەڵاتێکی باج و سەرانە و گومرکخۆر و تاڵانگەر ئامادە نیە کەمترین بەرپرسیارێتی تەنانەت بەرامبەر دۆخی ئەو هاوڵاتیانە نیشان بدات کە لە لێواری مەرگن یان ژیان بۆیان بووە بە دۆزەخ و کارەسات.

مەسعود بارزانی و شازادە و بەچکەشازادەکانی بنەماڵەکەی لەلایەک و کوڕانی تاڵەبانی و بنەماڵەکەیان لەلایەکی ترەوە، هەرکامیان شارێکی تەواویان کردوە بە کۆشکی پاشایەتی بە هەموو هۆکارە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیانی فیرعەونانەوە. بەچکەشازادە تازەپێگەیشتوەکانیان کە یەکجاریش دەستیان لە گەرم و سارد نەداوە و هەر نازانن کار مانای چیە، ڕێک لەسەر حیسابی ئەم بێدەرەتانیەی خەڵک بوونەتە ملیاردێر. هەریەک لەم بنەماڵانە بە زەبری میلیشیا و دەزگاکانی پاراستن و زانیاری و ئاسایش و دژە تیرۆر و جۆرەها دەزگای سەرکوت و گەوجاندن، خۆیان کردوە بە پاشای ناوچەیەک. تەواوی ئەوانەی ناویان نراوە پەرلەمان و ئەنجومەن و دادگا و شارەوانی و گوایە بە هەڵبژاردن هاتون، جگە لە کارتۆن و ڕووپۆشێک بۆ دەسەڵاتی ڕەها و داسەپاوی بنەماڵە هیچی تر نیین. دەسەڵات بە موتڵەقی لە دەستی ئەم دو بنەماڵەیەدا قەتیسکراوە، ئەوانەی وەکو دامودەزگای دەوڵەتی و مەدەنی و یاسایی نیشان دەدرێن، کۆمەڵێک مورید و گوێڕایەڵ و ملبەفەرمانن بۆ خزمەتی دەسەڵاتی ئەم پاشا و شازادانە. ئەوە لە مێژووی ٣٥ ساڵی ڕابردووی ئەم کۆمەڵگایەدا تۆمار بوو کە بارزانیەکان و تاڵەبانیەکان، بەدیاریکراوی مەسعود بارزانی و تاڵەبانی باوک و کوڕ، ٣٥ ساڵ کاتیان هەبوو، بەڵام لە سەدەی بیستویەکدا بە فۆرمی دەسەڵاتی دیستۆپیستی سەدەکانی ناوەڕاست و بەزەبری هێز، کۆمەڵگای مودێرنی کوردستانیان یەخسیر و گرفتار و بێچارە کردوە.

ئەم دەسەڵاتە بنەماڵەییە کۆنەپەرستە، ستەمکارە، تاڵانگەر و سەرکوتگەرە، بۆ داسەپاندنی خۆی هەموو جۆرە کۆنەپەرستیەکی ئیسلامی و عەشیرەتگەری و دابونەریتێکی پرتوکاو و دواکەوتوانەی پاڵپشتی و دەمەزەرد کردەوە. ئەم دەسەڵاتە داسەپاوە هیچ جۆرە شەرعیەتێکی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەخلاقیشی نیە و هەرگیز شایستەی خەڵکی شارستانی و کۆمەڵگای مودێرنی کوردستان نیە، لەگەڵ سەرەتایترین پێوانەکانی سەردەم و ماف و ئازادیە سەرەتاییەکانی هاوچەرخدا ناکۆکی لەچارەنەهاتووی هەیە. ئەم دەسەڵاتە تەنها ستەمکار و زۆردار نیە، تەنها کۆنەپەرست و دواکەوتو نیە، تەنها تاڵانگەر و داتەکێنەری گیرفانی خەڵک نیە، بەڵکو کۆمەڵگای کوردستانی تا لێواری وێرانی و نابوتی پاڵ پێوەناوە. بۆیە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی پێشڕەوانە و دەرهێنانی ژیانی خەڵک لەم مەرگەساتە، بەر لە هەر شتێک بەندە بە کۆتایهێنانی ئەم دەسەڵاتەوە. ئەمە لەئێستادا کۆسپ و لەمپەری سەرەکیە لە بەردەم هەرجۆرە بۆپێشەوەچوون و باشتربوون و گۆڕانێک بەرەو ژیانێکی شایتەی مرۆڤی هاوچەرخ. کۆتایهینان بەم دەسەڵاتە هەنگاوی یەکەم و سەرەتای گیرسانەوەی کۆمەڵگایە لەسەر ڕەوت و ڕەوەندییێک کە دەتوانێ بگات بە دامەزرانی دەسەڵاتێکی پێشڕەوانەی پشتبەستوو بە ئیرادەی خەڵک. دەسەڵاتێک کە ئیرادە و بەرنامەی سەرەکی فەراهەمکردنی ئازادی و کۆتایهێنان بێت بەو هەموو بێدەرەتانیەی کە دەسەڵاتی ٣٥ ساڵەی تاڵەبانی و بارزانی خوڵقاندویانە.

بێگومان لەکارخستن و وەلانانی ئەم دەسەڵاتە پڕچەک و پارە و ستەمکارە، کارێکی ئاسان نیە، بەڵام مەحاڵیش نیە. ئەو ملیۆنەها ژن و پیاوە کرێکار و مامۆستا و کارمەند و زەحمەتکێش و لاو و بێکار و کاسبکارەی کە گرانی و بێدەرەتانی و ستەم هەراسانی کردوون، ئەگەر یەکگرتوو ڕێکخراوبن، ئەگەر لە دەوری ئاسۆیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانە بۆ هەڵگێڕانەوەی ئەم مەملەکەتی دیستۆپیا و کابوسستانە ئیرادەبکەن و بێنەمەیدان، دەتوانن دەسەڵات و چەک و پارەی ئەوان ئیفلیج بکەن و لە کاری بخەن. دەتوانن دەسەڵاتی ستەمکاری ئەم بنەماڵە ستەمکارانە کۆتاییبهێنن و گوێی هەموو تاڵانچی و تاوانبار و ستەمکارێک بگرن بۆ بەردەم دادگای شۆڕشگێڕانەی خەڵک. تەوەری سەرەکی باسەکانی پلینۆمی ٣٣ی کۆمیتەی ناوەندی لە دەوری ئەم مەسەلەیە و لەسەر پێویستی و چۆنیەتی ئامادەکاری بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە چەقی بەست، لەسەر ئەم بنەمایە و لەم پێناوەدا ئەرکە سەرەکی و دەستبەجێکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دیاریکرد.

بێگومان ئەم ئاڵوگۆڕە لە دەسەڵات و لە دۆخی ژیان، سەرئەنجام کارێکە کە دەبێ بە دەستی جەماوەری فراوانی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی ڕێکخراو و یەکگرتوو لە دەوری ئەم ئاسۆیە یەکلابکرێتەوە. ڕیکخراوە و کۆڕ وکۆمەڵ و تۆڕەکانی کرێکاران و ژنان و لاوان و مامۆستایان و کارمەندان ڕۆڵی زۆر گرنگیان هەیە لەم خەبات و ئاڵوگۆڕەدا. ئەو ڕیکخراوانەی هەن پێویستە بەهێزبکرێن و پەرەیان پێبدرێت، لەو جێگایانەی کە نیین پێویستە دابمەزرێن و جەماوەر لە دەوریان ڕێکخراو و یەکگرتووبکرێن. یەکگرتن و ڕیکخراوبوون مەرجی سەرکەوتنی ئەم خەباتەیە بۆ دەرهێنانی کۆمەڵگا لەم دۆزەخ و مەرگەساتە. هەرجۆرە چاوەڕوانیەک لەم دەسەڵاتە، تەنانەت بۆ چارەسەری سادەترین گرفتی خەڵک، خۆشباوەڕیەکی نارەوا و ناحەقە و دەبێتە مایەی قوڵبونەوە و کەڵەکەبونی نەهامەتی زیاتر و بێدەرەتانی زیاتر. هەر لەبنەڕەتەوە چارەسەری سەرەتاییترین کێشەکانی خەڵک بە هیچ جۆرێک لە سیاسەت و بەرنامەی کاری ئەم دەسەڵاتەدا نیە. ئەوان هێشتا لەبیری ئەوەدان و بەرنامەڕێژی بۆ ئەوە

# پلنیۆمی ٣٣ی کۆمیتەی ناوەندی حزب سەرکەوتوانە کۆتایی هات!

ڕۆژانی ١١ و ١٢ی ئەیلول/ سێپتێمبەری ٢٠٢٦ کۆمیتەی ناوەندی حزب، بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی و بە ئامادەبوونی شاندێک لە رابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە پێکهاتبوو لە هاوڕێیان نادیە مەحمود، عەمار شەریف و خەلیل ئیبراهیم، پلینۆمی ئاسایی خۆی لە شاری سلێمانی سازدا.

سەرەتا پلینۆم بە سرودی ئینتەرناسیۆناڵ






و خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردووی ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزم و هاوڕێیان جەلیل شاباز و مستەفا یونسی کادرانی حزبدەستی پێکرد.

دوای ئەوە هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی وتاری کردنەوەی پلینۆمی پێشکەش کرد. هاوڕێ عوسمان لە وتەکەیدا ئاماژەی بەو دۆخە سیاسیە هەستیارەی ناوچەکەو کوردستان کرد کە پلینۆمی تێدا دەبەسترێ.لەلایەکەوە دۆخی نەشەڕ نە ئاشتی نێوان ئەمریکا و ئێران کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخی سیاسی عێراق و کوردستان هەیە، لەلایەکی ترەوە بنبەستی سیاسی ئەحزابی کوردایەتی و دەسەڵاتی داسەپاوی بنەماڵەیی کە کۆمەڵگەی کوردستانی نوقمی ستەم و نەهامەتی و بێدەرەتانی کردوە. چاوەڕوانی لە پلینۆم ئەوەیە ئاسۆیەکی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە سەختە و پەرەدان بە خەباتی جەماوەری و کرێکاری بخاتەڕوو.

دوای وتارەکەی هاوڕێ عوسمان، بەرنامەی کاری پلینۆم دەستی پێکردو بابەتی یەکەمی بەرنامەکە بریتی بوو لە راپۆرتی مەکتەبی سیاسی و ئۆرگانە سەرەکیەکانی حزب لە نێوان پلینۆمی ٣٢ و پلینۆمی ٣٣ی کۆمیتەی ناوەندیدا. لەم بەشەدا بە وردی قسە لەسەر کار و هەڵسوڕانی ئەم برگەیە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کاری ئۆرگانەکانی حزبکرا. پلینۆم پێداگریتوندی کرد لەسەر خەباتی لیبڕاوانە بۆ هەڵتەکاندنی ئەو گرفت ولەمپەرانەیبەرتەسکیان بۆ کار و هەڵسوڕانی حزب دروست کردوە، هاوکات جەختی لەسەر پەرەدان بە ڕۆڵی حزب و ئۆرگانە جیاوازەکانی کردوە بۆ برەودان بە خەبات لە مەیدانە جیاجیاکاندا.

باسی دووەمی پلینۆم، دەربارەی دۆخی سیاسی حزب بوو بە گشتی. لەم بەندەدا، باسەکەی لەلایەن هاوڕێبوار ئەحمەدەوە پێشکەش کرا و هەموو بەشداربوانی پلینۆم بەشداریەکی گەرمیان لە باسەکەدا کرد. لەم باسەداجێگە و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی و رابەری حزب بە شێوەیەکی هەمەلایەنە هەڵسەنگێندرا. پلنیۆم لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگریی سیاسی پێشڕەوانە و شۆڕشگێڕانەوە، بە شێوەیەکی هەمەلایەنە ئەو ڕەوتەی لێکدایەوە کە حزب لە چەندین ساڵی رابردودا تێپەری کردووە. بە وردی دەست لەسەر ئەو هۆکارە بنەڕەتیانە دانرا کە دەستوپێی حزبی قورس کردووە بۆ بینینی دەوری شایستەی خۆی

---

دەکەن چۆن زیاتر و زیاتر خوێنی خەڵکی بێدەرەتان بمژن، تا ئەو ڕادەیەی کە چاویان لەوەیە چۆن لە کۆتا هەناسەی نەخۆشەکان، قازانج بکێشنەوە بۆ نەخۆشخانە ئەهلیەکانی خۆیان. بۆیە پێویستە خەباتێکی سەرتاپاگیر لە هەموو مەیدانەکاندا دژی ئەم مەرگەساتە پەرەبگرێت. لە داسەپاندنی داخوازیەکەوە تا ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی تەنها بەم خەباتە مەیسەر دەبێت. ڕۆڵی رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و نارەزایەتیەکانی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان و ژنان و لاوان و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و ئازادیخواز و ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخواز، لەم خەباتە و لە ڕێکخراوکردن و یەکگرتووکردنی جەماوەر زۆر حەیاتی و چارەنوسسازە و دەتوانێ ئەم ڕێگایە و ئەم گۆڕانە هەموارتر و مەیسەرتر بکات.

٢٠/٩/٢٠٢٦

وەکو حزبێکی سیاسی- کۆمۆنیستی لە ململانێی سیاسی کۆمەڵگە و چاڵنجی بزووتنەوە بۆرژوازیەکان و گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی چینی کرێکار و جەماوەری ستەملێکراوی کوردستان. لە کۆتایی ئەم باسەدا کۆمیتەی ناوەندی بە ئامادەییەکی بەرزەوە پێداگری کرد لە سەر بەرێخستنی دەورەیەکی تازەی هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رێکخراوەیی حزب بە ئاراستەی رێکخستن و رابەری کردنی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری بۆ رووبەڕووبوونەوەی دۆخی کارەساتباری ئێستا و ئالۆگۆری شۆرشگێرانە.

باسێکی دیکەی پلنیۆم، باسی دوا گۆڕنکاریەکانی دۆخی سیاسی کوردستان بوو لەژێر کاریگەری دۆخی نەشەڕ نە ئاشتی ئەمریکاو ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا، کە لەلایەن هاوڕێ موحسین کەریمەوە پێشکەش کرا. لەم باسەدا ئاماژە بە کاریگەریە نەرێنیەکانی ململانێ و شەڕی نێوان ئەمریکا– ئیسرائیلدژی خەڵکی ئێران کرا، کە سەرباری چەقبەستوویی دۆخی سیاسی هەرێم، بەهۆی کێشەکانی نێوان یەکێتی و پارتی و داخرانی ئاسۆی سیاسییان، دۆخی سیاسی و ئەمنی و باری ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی سەخت و ناهەموار کردوەو ئایندەیەکی لێڵی لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا داناوە. هەروەها ئاماژە بە ڕێگاچارەی دەرچوون لەم دۆخە کراو پێداگری لەسەر ئەوە کرا کە حزب ئاراستەی سیاسەتی خۆی لەوبارەوە بۆ کۆمەڵگا رابگەیەنێت.

دوای ئەوە، هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، باسێکی دەربارەی ئەو دەسەڵاتە داسەپاوە بنەماڵەییەپێشکەش کرد کە کۆمەڵگەی کوردستانی نوقمی بێ مافی و بێدەرەتانی کردووە و بوەتە جێگای نارەزایەتی و نەفرەتی فراوانی خەڵک. لەم باسەدا هاوڕێ عوسمان رووونی کردەوە کە کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە بنەماڵەییە ستەمکارە هەنگاوێکی یەکەمە بۆ دەرهێنانی کوردستان لە بنبەستی سیاسی ئێستا و بردنی کۆمەڵگا بە ئاقاریئاڵوگۆرێکی شۆرشگێرانە لە دۆخی سیاسی و بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی پشتبەستو بە ئیرادەی راستەوخۆی خەڵک، کە بتوانێ ئازادی وخۆشگوزەرانی بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دابین بکات.

باسێکی دیکەی کۆبوونەوەکانی پلینۆم، بریتی بوو لە بەڵگەنامەی "خەبات دژی گرانی" کە لەلایەن هاورێ موحسین کەریمەوە پێشکەش کرا. بەڵگەنامەکە بەروونی ئەو هۆکار و فاکتەرانەی دەستنیشان کرد کە بوونەتە هۆی گرانی لەرادەبەدەر، کە بریتیە لە سیاسەتی سەرمایەدارییانەی حکومەتی بۆرژوایی- میلیشیایی- بنەماڵەیی هەرێم کە لەسەر بنەمای داتەکاندنی گیرفانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و تالانکردنی داهاتی گشتی و سەپاندنی باج و سەرانەو بە کۆمپانیاکردنی هەرچی خزمەتگوزاری گشتی و زەوروریە دامەزراوە. هەروەها رێگاچارە و هەنگاوەکانی چۆنیەتی بەکردەوە دەرهێنانی خواست و مەسەلەکانی ناو بەڵگەنامەکەی بە وردی دەستنیشان کرد.

باسێکی گرنگی دیکەی پلینۆم، باسی سیاسەتی رێکخستنی حزب بوو لەناو کرێکاراندا. ئەم باسە لەلایەن هاورێیان موحسین کەریم، رێبوار ئەحمەد و خەسرەو سایەوە ئامادەو گەڵاڵەکرابوو. هاورێیان موحسین کەریم و خەسرەو سایە باسەکەیان پێشکەش کرد ولەلایەن بەشداربووانەوە قسەوباسێکی تێروتەسەلی لەسەر کرا. لەم باسەدا بە رۆشنی بنەماو ئاراستەو هەنگاوە عەمەلیەکانی کاری حزب لەناو کرێکاراندا، چ لە بواری رێکخستنی حزبی کۆمۆنیستی و چ لە بواری رێکخستنی جەماوەری- غەیرەحزبیدا دیاریکرا. هەروەها باس لەوە کرا کە رابەری حزب پێویستە چەندین سیمینار و باسو کۆبوونەوەی لەسەر رێکبخات لەناو ریزەکانی حزبدا بە ئامانجی جێخستنی ئەم شێوازە لە کاری کۆمۆنیستی و دامەزراندنی کۆمیتە حزبیە کۆمۆنیستیەکان و رێکخراوە خەباتکارە جەماوەریەکانی کرێکاران و توێژە بێبەش و زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

دوای تەواوبوونی باس و بەڵگەنامەکان، لە برگەی بریارەکاندا، ژمارەیەک بریاری گرنگ دران دەربارەی چۆنیەتی کارکردن و جێبەجێکردنی بەکردەوەی سیاسەت و بەڵگەنامەکان.

لە برگەی کۆتایی پلینۆمدا هەڵبژاردن بۆ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەرێوەچوو. هاورێ عوسمانی حاجی مارف بە تێکرای دەنگ بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە. هەروەها هاورێیان، خەسرەو سایە، رێبوار ئەحمەد،دەشتی جەمال، ئازاد مەجید، موحسین کەریم، وەستا مەهدی رەسول، جەمال موحسین، عەبدوڵا مەحمود، رێبوار عارف و ئاڵان مارف وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.

هەروەها لە رۆژی ١٤ ی ئەیلولدا، یەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دوای پلینۆم ئەنجامدرا، کە تیایدا جگە لە بەدواداچوون بۆ بریار و نەخشەکانی پلینۆم، هەنگاوە عەمەلیەکانی مەکتەبی سیاسی بۆ ماوەی داهاتوو دیاریکران. هەر لەو پەیوەندەوە هەیئەتێکی تەنفیزی بۆ راپەراندنی کارەکان دیاریکرا.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١٤ی ئەیلول/ سێپتێمبەری ٢٠٢٦**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی**
**حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# لە دەستپێکی ساڵی تازەی خوێندندا!

عەبدوڵا مەحمود

چەند رۆژێک لەوەپێش دەرگای باخچەی ساوایان، قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکان کرایەوە، بەسەدان هەزار خوێندکار روویان کردووە قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن، بەهەزاران مامۆستا و کارمەند لە پێشوازی ساڵی تازەی خوێندندا پێشوازی لە قوتابیان دەکەن.

پشووی هاوینە رۆشت و پشوو نەبوو، بێ مووچەیی، بێئاوی و بێ کارەبایی، نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و گرانی سەرسورهێنەر، لەسیمای زوربەی هەرەزۆری قوتابیەکان و مامۆستایان و کارمەنداندا بەرۆشنی دەبینرێ، هەمووان دەزانن کە ئەوەی پێی وترا پشوو، مەرگەسات بوو.

دەوام دەست پێدەکات و مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە، هێشتا گرفتی کەمی مووچە، دواکەوتنی مووچەیان هەیە و هەموو مانگێک لەچاوەروانی هاتن و نەهاتنی مووچەدان. لەگەڵ ئەوەدا نارەزایەتی مامۆستایان و کارمەندان بۆ مووچە، خواستی مامۆستایانی گرێبەست بۆ دامەزراندن، پلەبەرزکردنەوە، درێژەی هەیە، بەڵام دەزگا بەرپرسەکان هیچ نابیستن و نابینین و خۆیان لەهەر بەرپرسیاریەتیەک دەدزنەوە یان حەواڵەی بەغدای دەکەن.

خوێندکاران و مامۆستایان بەدەست دەیان و سەدان گرفتەوە دەناڵێنن، زۆری قوتابی و کەمی بینا، کەمی مامۆستا، کەمی پێداویستیەکانی قوتابخانە، کەمی کتێب و دەفتەرو قەڵەم، کەمی تاقیگە، رەوشی پەروەردەو فێرکردنێکی دواکەوتوانەو پڕ توندوتیژی، نەبوونی مووچە لەکاتی خۆیدا و کەمی مووچەی مامۆستایان و کەمدەرامەتی دایک و باوکانی خوێندکار، لەگەڵ ترس لە سەرماو بێ نەوتی و گرانی.. هەموویان یەخەی پرۆسەی خوێندنیان گرتووە. خوێندکاران و مامۆستایان لە ناو رەوشێکی لەوبابەتەدا دەستیان کردووە بە دەوامی ساڵ.

لەم چەند ساڵەی دواییدا لەبەرامبەر ئەو دۆخە خراپەی روبەرووی خوێندن و پەروەردەیە، دەسەڵاتی سیاسی لەجێگای وەڵامدانەوە بە گرفتەکانی، لەرێگای کۆمپانیا قازانج پەرستەکانییەوە خەریکی بەتایبەتیکردنی کەرتی پەروەردە و دامەزراندنی قوتابخانەو پەیمانگا و زانکۆی ئەهلی و تایبەتییە، کە ئەوە لەلایەکەوە نیشانەیەکی ئاشکرای خستنەرووی چوونەسەری قڵشتی چینایەتی و لەلایەکی تریشەوە شانخاڵیکردنەوەو خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیاریەتی لە بەرامبەر بەکەرتی گشتی پەروەردەدا.

لە هەموو گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا ئەگەر خەبەرێک لە ژیانی سەردەمی و پێشکەوتن هەبێت، ئەوا خوێندکاران و پرۆسەی پەروەردەو خوێندن، بنەمای بنیاتنانی پێشکەوتن و نەخشاندنی باشتری ئایندەی کۆمەڵگەیە. بودجەو ئیمکانیاتی پێویست بۆ خوێندن و پەروەردە دابین دەکرێت و توانایی هەمەچەشنی بۆ تەرخان دەکرێت. دۆخی پڕ ئارامی فەراهەم دەکرێت. ساڵ بەساڵیش نەخشەو پرۆژە نوێ بۆ پێشخستنی دادەنرێت و هەموو هەوڵێک دەخرێتە گەر تا ئاستی زانست و خوێندن بەرەو سەر بڕوات. بەداخەوە لەکوردستاندا ئەمانە نەک نیین، بەڵکە بەهۆی فەرامۆشکردنی لەلایەن دەسەڵاتەوە، بۆتە ویرانە.

هێشتا ژمارەی بارەگا حزبیەکان، مزگەوتەکان، دەزگا هەمەرەنگەکانی حزب چەند بەرابەری قوتابخانەکان، پەیمانگا و ئامادەییە پیشەییەکان، باخچەی ساوایان، و زانكۆكانن. ژمارەی مووچەخۆرەکانی حزب بێئەوەی خێریکیان بۆ کۆمەڵگە هەبێت، چەند بەرابەری ژمارەی مامۆستایانن. مووچەی وەزارەتە زیادەکانی حکومەتێکی نمایشی و مردوو چەند بەرابەری مووچەی هەموو مامۆستایانی کوردستانە. پێداویستی وەزارەتە تەشریفاتیەکانی حکومەت، چەند بەرابەری پێداویستی باخچەی ساوایان و هەموو ئاستەکانی تری خوێندنە. پارەیەک کە سەرفی پێگەیاندنی کادرانی حزبی دەکرێت، چەند بەرابەری ئەو پارەیەیە کە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان و پێشکەوتنی تواناییەکانیان تەرخان دەکرێت. سیما و نەخشەی بارەگا حزبیەکان چەند بەرابەری قوتابخانەو باخچەی ساوایان و□ گرنگی پێدراوە. هەموو پێداویستیەکانی وەکو فێنک کەرەوە و گەرم کەرەوە بۆ گەرماو سەرما، لەهەموو دامو دەزگا حزبی و حکومیەکان بەزیادەوە هەن، و خوێندکاران و قوتابیان و مامۆستایانیش لەهەموو ئاستەکاندا، یان زۆرکەمیان هەیانە یان هەر نیانە.

باسی بێ ئاو و کارەبایی و هۆڵەکانی سەرگەرمی و وەرزشی و تاقیگە، پێداویستیە سەرەتاییەکانی فێرکردن و پەروەردە وەکو کۆمپیوتەرو تابلێتەکان و هۆلی پشودان و دەتوانرێ بەشێوەی گشتی بووترێت لە ئاستی نەبووندایە. وەسائیلەکانی هاتووچۆو دەماڵەی تێروتەسەل بۆ خوێندکاران و مامۆستایان، تا ئێستا خەونە و ئەوەی کەهەیە زۆرتر لە سوڵکەرانە دەچێت.

بوار بۆ چێژوەرگرتنی خوێندکاران و مامۆستایان لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، نزیکە لەسفرو ئەوانەی بەمەبەستی دەستراگەیشتن بە زانست و زانیاری و پێشکەوتن دەخوێنن بەداخەوە فەزایەک زاڵکراوە بەسەریاندا کە زۆرتر وێڵی تیپەراندن و وەرگرتنی بەڵگەنامەن بۆ دامەزراندن و دابینکردنی بژێوی ژیانی مەمرەو مەژیان. باسی کۆنی مەنهەجەکان و شێوەی وتنەوەی دەرس و

تاقیکردنەوەکان و ترساندنی قوتابیان لە جەنگی دەچوون و دەرنەچوون و دەرەجە هێناندا، جەنگێکە هێندەی رووی لە کۆتایی ساڵی خوێندنە، نیو ئەوەندە بیرکردنەوە لە ئایندەو پێشکەوتنی زانستی دورماوە نییە.

ترساندنی قوتابیان لەیەکتری و لێک جیاکردنەوەی کوران و کچان، جیاکردنەوەی یاری کچانەو کورانە. زۆرجار پەراندنی چەند بەش لە بەشی بایۆلۆژی و لە ژێرناوی شەرم عەیبەو دواکەوتووی کەلتوریدا، هەرەشەو رەق و توندوتیژی تەنانەت مانەوەی لێدان و سزای ناپەروەردەیی لە قوتابخانەکاندا، بەسەر خوێندکاراندا، تا دەگاتە بیروکراتیەت□ چەند بەشێکی ترن لە واقعیەتی قێزەونی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.

ساڵی تازەی خوێندن، سیخناخە لەو راستیانە، ئەو راستیە تاڵانەی پرۆسەی خوێندن وپەروەردەو زانستی هێناوەتە خوارەوە.

ئەوانەی لایان وایە لە دۆخێکی ئاوادا دەتوانن خوێندن و پەروەردە بەرەوپێش بەرن، لە وەهمدا مەلە ئەکەن، لە وەهمدا دەروانە پەروەدەو فێرکردن و زانست. ئاخر خوێندکار و قوتابی، جێگای شیاویان نەبێت بۆ دانیشتن، گەرم کەرەوەو فێنککەرەوەیان نەبێت، مامۆستای پێویستیان نەبێت، دەرس و مەنهەجەکانیان ئابدەیت نەکرێت، دەرماڵەی هاتوچوویان نەبێت، کتێب و دەفتەرو دەستراگەیشتنیان بەسەرچاوەی پێویست نەبێت، خوێندن خۆرایی نەبێت، ترس وەکو مۆتەکە دەستی خستبێتە سەر سنگی خوێندگاکان و خوێندکاران... تاد، چۆن دەکرێت چاوەڕێی ئایندەی باشیان لێبکرێت.

ئەوەی لەم پاشاگەردانیەی پرۆسەی پەروەدەو فێرکردن بەرپرسە، لە هەلومەرجی خوێندکاران و مامۆستایان بەرپرسە، لە ترس و فەرهەنگی دواکەوتوانە بەرپرسە، نە خوێندکاران و نە مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردەن، بەڵکو دەسەلاتێکی بنیاتنراوی خاڵییە لە زانست و پەروەردەو فێرکردنێکی تەندروست و سەردەمی.

بۆ ئەوەی ئەم تاریکستانەو کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی فێرکردن و خوێندن و زانست لە کوردستان وەلابنرێن، تەنها بە سیمینار گێران و کۆنفرانسی پەروەردەیی ناکرێت، بە ئیمزاکۆکردنەوە و پارانەوە ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتییە، کە خوێندکارانی ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگاو زانکۆکان، دەست لەناودەستی یەک وەرێی بخەن بەجۆرێک کە بتوانن دەسەلات ناچار بکات، بودجەی پێویست، زانستی سەردەم، مەنهەجی نوێ، شێوازی پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرن، وەلانانی ترس و جیاکاری... بکاتە ئەمری واقع.

★

# حوسیەکان و سعودیە و بابولمەندەب!

## عوسمانی حاجی مارف

لەماوەی چەند رۆژێکدا حوسیەکان کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر کەناراوەکانی رۆژئاوای یەمەندا فراوانترکرد، گەیشتنە شوێنە ستراتیژیەکان و دوورگەکانی ناو گەروەکە و باشووری دەریای سوور، کە نزیکترینیان لە رێرەوی کەشتیوانی کەنداوی عەدەن بە دەریای سوور و کەناڵی سویسەوە دەبەستێتەوە. ئەم گۆرانکاریە لەکاتێکدایە، کە گەرووی بابولمەندەب گرنگیەکی زیاتری بەدەستهێناوە لە دوای دەستپێکردنی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ٢٨ ی شوباتی ئەمساڵدا، هەروەها دواتر پەککەوتنی توندی هاتوچۆی نەوت لەرێگەی گەرووی هورمزەوە. لەگەڵ کەمبوونەوەی هاتوچۆی نەوت لەرێگەی گەرووی هورمزەوە، رێرەوی دەریای سوور گرنگتر بووە، بەتایبەتی بۆ سعودیە، کە دەتوانێت نەوتی خاو لە بەشی رۆژهەڵاتی سعودیەوە بگوازێتەوە بۆ "بەندەری یانبو" لەرێگەی بۆری رۆژهەڵات-رۆژئاواوە، لەوێشەوە بۆ بازارەکان لە رێگەی دەریای سوورەوە.

هاوکاتی پێشرەوی حوسیەکان، نیگەرانیەکان سەبارەت بە دابینکردنی نەوت چڕتر بۆتەوە، تیشک دەخرێتە سەر پەرەسەندنی گرنگی گەرووی بابولمەندەب لەبەر رۆشنایی پچرانی رێگاکانی هەناردەکردنی وزە لە ناوچەکەدا. بەڵام فراوانبونی کۆنترۆڵی حوسیەکان بەسەر دیوی یەمەن لە گەرووەکەدا، بەو مانایە نیە کە ئێستا بەتەواوی بابولمەندەبیان کۆنترۆڵ کردووە یان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان دایبخەن، گەرووەکە لەنێوان یەمەن و کەنارەکانی ئەفریقادا درێژ دەبێتەوە و کەشتیەکانیش بەردەوامن لە هاتوچۆ، هاوکات هێزەکانی دەریایی نێودەوڵەتی تا ئێستا لەو ناوچەیەدا چالاکی دەکەن.

بەدەستەوەگرتنی ئەم گەرووە لەلایەن حوسیەکانەوە، کاریگەری لەسەر پێگەی حوسیەکان و دەوری ململانێ و شەڕی ئێران لە بەرامبەر ئەمریکاو ئیسرائیل دا دەبێت، هەروەها حوسیەکان کاتێک کۆنترۆڵی تەواوی گەرووەکە دەکەن، دەتوانن چاودێری کەشتیە هاتووەکان بکەن و لەهەمانکاتدا وەک بنکەیەک بۆ هەڵمەتی فراوانتری هێرش بۆ سەر کەشتیوانی لە دەریای سووردا بەکاری بهێنن. کاردانەوەکانی پێشرەوی حوسیەکان لە دەوروبەری

⇦

بابولمەندەب زۆر لە سنوورەکانی یەمەن زیاتر درێژدەبێتەوە، گەرووەکە لە دڵی ڕێگایەکدایە کە دەوڵەتانی کەنداو بۆ هەناردەکردنی وزە پشتی پێدەبەستن، لەهەمانکاتدا نوێنەرایەتی دەروازەی باشووری دەریای سوور و کەناڵی سوێس دەکات.

بەردەوامی ناسەقامگیری لە هورمز و بابولمەندەب دەتوانێت تێچووی کەشتیوانی و بیمە بەرز بکاتەوە و فشار لەسەر بازرگانی کەنداو زیاد بکات لەسەر هەناردەکردنی وزە و هاوردەکردنی. بەردەوامی فشارە ئابوری و ئەمنیەکان دەتوانێت پاڵ بە دەوڵەتانی کەنداوەوە بنێت بۆ کردنەوەی کەناڵی ڕاستەوخۆی دانوستان لەگەڵ تاران بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، هاوشانی پەیوەندیە ئەمنیەکانیان لەگەڵ واشنتۆن، بەتایبەتی ئەگەر نەتوانرێت بەخێرایی بگاتە چارەسەرێک کە گەرەنتی سەقامگیری ڕێگاکانی هەناردەکردنی وزە بکات.

بەگوێرەی میدیاکانی ئیسرائیل، پێشهاتە خێراکانی یەمەن و پێشرەوی گروپی حوسیەکان ئێستا نیگەرانیەکی گەورەی دامەزراوەی ئەمنیی ئیسرائیلە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ترس لە کاردانەوەکانی کۆنترۆڵکردنی حوسیەکانە بەسەر تەواوی گەرووی بابولمەندەبدا. بۆیە دامەزراوەی ئەمنی ئیسرائیل بە نیگەرانیەوە بەدواداچون بۆ پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ناوچەی دەریای سوور دەکات، دوای ئەوەی حوسیەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەردەوام بوون لە دەستبەسەرداگرتنی شارۆچکە و شوێنەکانی کەنارەکانی باشووری دەریای سوور، لە کۆتایدا کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر بابولمەندەبدا چەسپاند.

لە ڕاستیدا ئەوەی لە کەناراوەکانی ڕۆژئاوای یەمەن ڕوویدا دوای سەرکەوتنی حوسیەکان لە دەستبەسەرداگرتنی گەرووی بابولمەندەب، کاردانەوەی بەرچاوی دەبێت لەسەر ئاسایشی ڕێگا دەریاییەکان. ئەم هەنگاوە قەیرانەکانی لەئاستی جیهاندا گەورەتر کردووە دوای ئەوەی ئەمریکا نەیتوانی ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ کردنەوەی گەرووی هورمز بەڕووی کەشتیوانی جیهانیدا. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئێران بە هاوکاری حوسیەکان، کۆنترۆڵی دوو لە گەرووە هەرە گرنگەکانی ناوچەکەی بەدەستهێناوە کە بەشێکی بەرچاوی بازرگانی جیهنیان کۆنترۆڵکردووە.

تائێستا هیچ ئاماژەیەک نییە کە وڵاتانی زلهێزی دنیا بتوانن لەم حاڵەتەدا بەکۆمەڵ مامەڵەی دۆخەکە بکەن، یان حوسیەکان واز لە هەڕەشەکردن لە کەشتیوانی نێودەوڵەتی بهێنن، یان هێزەکانی حکومەتی یەمەن بتوانن خۆیان کۆکەنەوە و دۆخەکە لەبەرامبەر حوسیەکان بگۆڕن، ڕووداوەکانی ئەم دواییە ئاماژە بە گۆڕانکاریەکی بەرچاو لە دیمەنی ناوچەکەدا دەکات، پێچەوانەکردنەوەی ئەم گۆڕانکاریە یان گەڕاندنەوەی بۆ دۆخی پێشووی، پێویستی بە کاتێکی بەرچاو دەبێت، هێزەکانی حکومەتی یەمەن پارچە پارچە بوون، حوسیەکان ئامانجێکی ستراتیژیان بەدەستهێناوە کە ئەستەمە بە ئاسانی دەستبەرداری بن، هیچ لایەنێکیش تا ئێستا ناتوانێت میکانیزمێکی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە بێوێنەیە لە مێژووی کەشتیوانی نێودەوڵەتیدا دابڕێژێت.

جگە لەوەش سعودیە هەڵویستێکی تارادەیەک دووفاقی دەپارێزێت، هەڵویستی لە نێوان تێوەگلانی زیاتر لە شەڕ، یان وەستاندنی شەڕ تیا ماوە! هەموو ئەو پشتیوانیەی ڕیاز پێشکەشی هێزەکانی حکومەتی یەمەنی کردووە و بەردەوامی هەیە، بەڵام نەیتوانیوە بەرگەی هێزی حوسیەکان بگرن، سعودیە دووچاری هێرشی سەربازی بووەتەوە کە بووەتە هۆی پەککەوتنی ئەو بۆریانەی کە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وڵاتەکەی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە ڕۆژانە نزیکەی حەوت ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕێگەی دەریای سوورەوە هەناردە دەکات، ئەمە پەیامێکی بەهێزی هۆشداری حوسیەکانە و ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئەو گرووپە دەتوانێت زیانێکی زۆر بە ڕیاز بگەیەنێت ئەگەر بڕیاری درێژەدان بە شەڕەکە بدات. لەلایەکی تریشەوە، سعودیە شەڕێکی کراوەی ناوێت، سەرەڕای هێزی ئابووری و سیاسی و سەربازی، خاوەنی پرۆژەیەکی ئابووری و وەبەرهێنانی گەورەیە کە لەگەڵ جیهاندا یەکتر دەبڕێت، نایەوێت بچێتە ناو شەڕێکی دیکەی پەرتبوونەوە، ئەوەی بۆی گرنگە ڕاگرتنی هەڕەشە و گەڕاندنەوەی سەقامگیرییە.

مەسەلەکە ئیتر تەنیا پەیوەندی بە لایەنە شەرکەرەکانی ناو یەمەنەوە نیە، هەروەها تەنیا پەیوەندی بە یەکلاکردنەوەی نمرەی مێژوویی نێوان سعودیە لە لایەک و گرووپی حوسیەکان و ئێران لە لایەکی دیکەوە نییە، کاتێک یەکێک لە خوێنبەرە گرنگەکانی (گەرووی هورمز) تێکچوو، هەموو جیهان کاریگەری بەرزبوونەوەی نرخی وزەی لەسەر بوو. ئەگەر لە داهاتوودا خوێنبەرێکی تر (بابولمەندەب) پەیوەندی پێوە بکات چی ڕوودەدات؟ بێگومان وێنەکە زۆر تاریکتر دەبێت بۆ جیهان، ئەمەش پێویستی بە ڕەچاوکردنی پلانێک هەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە سیناریۆیەکی هاوشێوەی ئەوەی لە هورمز ڕوویدا.

بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەشتیە جەنگیەکان و ئۆپەراسیۆنی جۆراوجۆری دەریایی لە دەریای سووردا بەو مانایە نیە کە گروپی حوسیەکان بە خێرایی پاشگەز دەبنەوە، هەروەها جیاوازی بیرورا لە نێوان ئەمریکا و هەندێک وڵاتی ئەوروپیدا بەو مانایە نییە کە دۆخەکە بەبێ دەستێوەردان دەمێنێتەوە، گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لەسەر پلانێکی دیاریکراو پێویستی بەو تێگەیشتنە هەیە کە کۆنترۆڵی حوسیەکان بەسەر بابولمەندەبدا، ئێران بەهێز دەکات، ئەمەش وای لێدەکات کە بتوانێت

کاریگەری خۆی لە گەرووی هورمزدا بچەسپێنێت و ناوەندی قەیرانەکە لەوێوە بگوازێتەوە بۆ بابولمەندەب، پلانەکانی تاران پشت بە سەرقاڵکردنی جیهان بە قەیرانی دەریایی و دروستکردنی ناتەبایی لە نێوان زلهێزەکاندا دەبەستێت.

پچڕانی کەشتیوانی نێودەوڵەتی زیانێکی زۆر بە بەرژەوەندیەکانی زۆربەی وڵاتان گەیاندووە و دەگەیەنێت، پێشهاتە خێراکان زەربەیەکی کوشندەیان لە ئاسایشی وزە داوە، ئەم کاریگەریە تەنها بۆ ئەو هاوڵاتیانە سنووردار نەبووە کە لە ئەوروپا و ئەمریکا و ئاسیا دەژین، دەوڵەتانی کەنداو وەک بەرهەمهێنەرانی سەرەکی وزە، کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر بووە، ئەوان پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئاستی پێشووی بەرهەمهێنان و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە جیهانیەکان و چاکردنەوەی ئەو ژێرخانانەی کە بەهۆی ئەو لێدانە سەربازیانەی لەسەر دەستی ئێران تووشی بوون زیانیان بەرکەوتووە.

ئێستا دوای ئەو لێدانە وێرانکەرانەی، کە حزبوڵڵا لە لوبنان و حەماس لە کەرتی غەززە و ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا تووشی بوون، حوسیەکان گرنگترین و بەهێزترین بریکاری ئێرانن لە ناوچەکەدا. هەماهەنگی حوسیەکان لەگەڵ تاران، بەکارهێنانی کەشتیوانی دەریایی وەک هێڵی ئامرازێکی ستراتیژی بەنرخ بە ئێران دەبەخشێت، بەرەیەکی گوشاری بازرگانی، لە دوو گەرووی گرنگدا لە یەک کاتدا دەکاتەوە، ئامانجی سەپاندنی واقیعێکی نوێ بەسەر زلهێزە نێودەوڵەتیەکاندا، باشترکردنی پێگەی دانوستانی خۆیەتی لەگەڵ واشنتۆن و وڵاتانی ڕۆژئاوا، سەبارەت بە پرسە ناوچەیەکانی و بەرنامە ئەتۆمیەکەی، ئەمەش بە نیشاندانی ئەوەی کە نفوزی ئێران توانای ئەوەی هەیە کە سەقامگیری ئابووری جیهانی بخاتە مەترسیەوە.

ئەگەر حوسیەکان بتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر "بەندەری مۆچا"دا بچەسپێنن، ئەوا دەتوانن ببنە ناوەندێکی ستراتیژی پۆتانسێل بۆ وەرگرتن و گواستنەوەی چەک و کەرەستە و پێکهاتەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئێرانەوە، بەمەش توانا لۆجستی و سەربازیەکانیان لە کەناراوەکانی ڕۆژئاوا بەهێزتر دەکات. بەپێچەوانەشەوە بۆ ڕیاز، ڕوخانی بەندەری مۆچا نوێنەرایەتی هێڵی سووری ڕوون و هەڕەشەی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیە ئابووریەکانی سعودیە لە دەریای سووردا.

پێشهاتەکانی ئەم دواییە تەنها پێشڕەویەکی زەمینی نییە لەلایەن حوسیەکانەوە، بەڵکو نزیکبوونەوەیان لە بابولمەندەب و کۆنترۆڵکردنی ناوچە کەناریەکان و دوورگەی مایون، هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی هێرشەکان بۆ سەر دامەزراوە نەوتیەکانی سعودیە، ئەم پێشهاتە گۆڕانکاری لە هاوکێشەکەدا کردووە، کە پێشتر لە چوارچێوەی شەڕی ناوخۆی یەمەن و ڕکابەریە ناوچەییەکاندا قەتیس بووبوو، بە زیادکردنی فاکتەرێکی نوێ، ئەویش کۆنترۆڵکردنی ئەو کەنارانەیە کە دەڕوانێتە گەرووی بابولمەندەب، ئەم گەرووە تەنیا پارچەیەک لە خاکی یەمەن نییە، بەڵکو ڕێڕەوێکی ئاوی گرنگە بۆ بازرگانی و وزەی جیهانی، گرنگیەکەی لە ژێر ڕۆشنایی ململانێی گەرووی هورمزدا زیاتر دەبێت، بەم شێوەیە ململانێی یەمەن لە ململانێی دەسەڵاتەوە بۆ قەیرانی ئەمنی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەگۆڕێت. لە هەمانکاتدا ململانێی ئەمریکا و ئێران و وڵاتانی زلهێزی دنیا دەچێتە ئاستێکی ئاڵۆزتر و نالەبارترەوە.

☆

# کاریگەریەکانی شەڕی حوسیەکان و سعودیە !

نوری بەشیر

توندبوونەوەی شەڕی حوسیەکان و سعودیە لە جولای ٢٠٢٦دا، بووتە هۆی کاولکاری و کوشتارو ئاوارەیی زۆر لە سعودیەو یەمەن. لەیەمەن زیاتر لە ١٣٠,٠٠٠ کەس ناچار بوون ماڵەکانیان جێبهێڵن. هەروەها UNHCR هوشداریداوە کە لە سێ مانگی داهاتوودا ڕەنگە ١٠٠,٠٠٠هەزار کەسی تر ئاوارە ببن. ئەمە سەرباری خراپبوونی دۆخی ژیان و گوزەرانی ملیۆنەها هاوڵاتی یەمەنی کە بە نزیکەی ٢٢ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێن. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەدەنی کوژراون و ژێرخانی ئابووری یەمەن و نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان و ماڵ و حاڵی خەڵک و شوێنە مەدەنیەکان زیانی گەورەیان بەرکەوتووە. هەروەها دامەزراوەی نەوتی سعودیە زیانی بەرچاوی بەرکەوتوە بەهۆی هیرشە درۆنیەکانی حوسیەکانەوە بۆسەر پالاوتگەکانی نەوت.

بەجیا لەوە، شەڕەکە و کۆنترۆڵی باب ئەلمەندەب لەلایەن حوسیەکانەوە تەنگەژەی بۆ بازرگانی بەو گەروەدا دروستکردوە. حکومەتی سعودیە هەناردەکردنی نەوتی لەڕیگای بەندەری یەنبوع لەسەر دەریای سوورەوە ڕاگرت کە لەڕێگەی هێڵی بۆری "ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا"وە ڕەوانەی دەکرد، وەکو بەدیلێک بۆ گواستنەوەی نەوتی سعودیە لەرێگای تەنگەی هورمزەوە! هەروەها بەهۆی ئەوەی حوسییەکان پێشڕەویان کردوەو ناوچەیەکی فراوانی تریان دەست بەسەردا گرتووە، بەتایبەت لە کەناری دەریای سوور وکۆنترۆڵی ناوچەی

گەرووی باب ئەلمەندەب و شارو بەندەری موخایان گرتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سەنعا و زۆربەی باکوور و ڕۆژئاوای یەمەنیان لە دەستدایە، بەوجۆرە کاریگەری ناوچەیی و جیهانیان بۆ بازرگانی و چونە سەرەوەی نرخی نەوت و کەلوپەلی تر کە لەو ڕێڕەوەدا ڕەوانەدەکرا، دروستکردوە.

ئەو پێشڕەوی و باڵادەستیەی حوسیەکان بەرەو کەناراوەکانی دەریای سورو بەتایبەت کۆنترۆلی زیاتری باب ئەلمەندەب و شارو بەندەری موخا، کاریگەری لەسەر نا ئارامی ناوچەکە دروستکردووە، بەتایبەت لەسەر کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێران. بێجگە لەوەی کە پێگەی حوسیەکانی قایمترکردوە لە ململانێکانی ناوچەکەدا، هاوکات توانای مانۆڕکردنی ئێرانی بەرامبەر بە ئەمریکا لە بارگرژیەکانی نێوانیاندا بەرەوسەرتربردوەو بگرە بەرامبەر بە ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش پێگەیەکی باشتری بە ئێران بەخشیوە. بەمجۆرە ئەم پێشرەویانەی حوسیەکان، دامێنی شەڕو نا ئەمنی ناوچەکەی فراوانکردۆتەوە، کە ئێران ئەمەی دەوێت و لەبەرژەوەندیەتی و لە دانوسان و گفتوگۆی لەگەڵ ئەمریکا پێداگری زیاتر لەسەر مەرجەکانی دەکات.

ئەمریکا لەگەڵ سعودیە ڕاستەوخۆ نەچووە ناو شەڕەکەوە بەدژی حوسیەکان، هەرچەندە سعودیە داوای هاوکاری لە ئەمریکا کرد. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا نیگەرانە لە ڕێکەوتنی مەکە، کە لەنێوان سعودیەو تورکیاو پاکستاندا ئەنجام درا! چونکە لەلایەکەوە وەکو بلۆکێک بەرامبەر بە ئیسرائیل دەردەکەوێ و لەلایەکی دیکەوە بێبایەخکردنی نەخشی ئەمریکایە لە پاراستنی دەوڵەتانی کەنداو کە سعودیە یەکێکە لەوان! لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکا نایەوێ بەرەی شەڕی دیکە دژی خۆی بکاتەوە، بۆیە هەربەوەندی کە حوسیەکان ڕایانگەیاند ڕێگا لە کەشتیەکانی ئەمریکا ناگرن بۆ تێپەڕبوون لە باب ئەلمەندەب، ئەمریکاش ئامادە نەبوو هاوکاری سعودیە بکات بەوجۆرەی داوای لێکردابوو!

بەڵام کاتێک ئەمریکا وەڵامی داواکەی سعودیە ناداتەوەو هاوپەیمانی مەککەش هیچی پێناکرێ بەرامبەر بە حوسیەکان، ئەوا تواناکانی سعودیە بەرامبەر بە حوسیەکان لاواز دەکات و جێگاوڕێگای حوسیەکان دەباتە سەرەوە لە ململانێ و دانوساندن لەگەڵ سعودیەدا کە پشتیوانی حکومەتی ڕەسمیی یەمەنە کە حوسیەکان لەدژی دەجەنگن! هاوکات ئەم دۆخە تازەیەی دوای پێشرەویەکانی حوسیەکان، وایکرد کە قەتەرو پاکستان وەک نێوەندگیری نێوان ئێران و ئەمریکا هەوڵەکانیان چڕتربکەنەوە بۆ کۆتایی بە جەنگی نێوان ئەمریکاو ئێران.

هەر لەوبارەوە موحسن ڕەزایی، لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ تۆڕی هەواڵی جەزیرە، دوایین پێشهاتە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی وڵاتەکەی خستەڕوو و ئاشکرای کرد کە ئێران لەڕێگەی نێوەندگیری دەوڵەتی قەتەرەوە لە پەیوەندیی بەردەوامدایە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەرجەکانی تارانی بۆ ڕاگرتنی جەنگ و هێورکردنەوەی ئاڵۆزییەکان ئاراستەی واشنتۆن کردووە. هەروەها ڕۆژی ٢١ی سێپتێمبەر وەزیری ناوخۆی پاکستان سەردانی تارانی کردوە بە مەبەستی نێوەندگیری نێوان ئەمریکاو ئێران.

ڕاستی دۆخی خراپی ئەمریکا لە جەنگی لەگەڵ ئێراندا، لە قسەکانی ترەمپ دا لەبەردەم ٨١ یەکەمین کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕۆژی ٢٢ی سێپتێمبەری ٢٠٢٦ دەردەکەوێت. ترەمپ بەجیا لەوەی وەک پیشەی هەمیشەیی کەوتە پیاهەڵدان بەسەر ئەمریکاو توانای سەربازی و ئابوریەکەیدا، کۆمەڵێک هەڕەشەی ئاراستەی ئێران کردو چەند مەرجێکی بۆڕیکەوتن لەگەڵیدا خستەڕوو.



هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران نەکرێت، ئەمریکا دەتوانێت هێرشی زۆر گەورەتر بکات و تاکیدی کردەوە کە دەتوانێت؛ "ئێران لەناوببات"، بەڵام هاوکات داوای لە هەموو وڵاتان کرد لە چەسپاندنی گەمارۆی ئابووری بۆ سەر ئێران لەگەڵ ئەمریکادا هاوکاری بکەن! هەروەها ووتی هێشتا دەرگای گفتوگۆ و ڕێککەوتن کراوەیە. دوای ئەم قسانەی ترامپ، کۆبونەوەیەک لەنێوان ستێڤ ویتکۆف نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وەزیری دەرەوەی ئێران عەباس عێراقچی و دەستەی دیپلۆماسیی ئێران بەڕێوەچووە.

لێرەدا دەکرێت ئەوە بڵێین کە چۆن جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆسەر ئێران و داخستنی گەرووی هورمز بەجیا لە کاریگەریەکانی بۆسەر ڕژێمی ئێران و توانا سەربازی و ئابوریەکانی و توندکردنەوەی باری گرانی سەرشانی خەڵک و کاولکاری و وێرانکردنی زۆرێک لە ناوەندە خزمەتگوزاریەکان، هاوکات کاریگەری لەسەر جێگاو پێگەی ئەمریکاو تواناییەکانی بۆ سەپاندنی هەژمونی خۆی و باڵادەستیی سەربازی ئیسرائیل و نائارامکردنی ژیانی خەڵکی ئیسرائیل خەڵکەکەی دانا، سەرباری کاریگەریە ناوچەیی و جیهانیەکانی لە پەیوەند بە گرانی نرخی ووزەو کاڵاکان و زیادکردنی بارگرانی بۆسەر شانی خەڵکی دنیا، ئەوا لە ئاستێکی دیکەدا، شەڕی حوسیەکان

# نا بۆ بەدەسەڵاتی بنەماڵە و تائیفی!

عوسمانی حاجی مارف

دەسەڵاتی بنەماڵە و تایفەگەری میلیشیا کە بۆتە شێوازێکی سەپێنراو بەسەر عێراق و کوردستاندا، ئامرازێکی ناچاری دەسەڵاتی بۆرجوزایە بۆ بەڕێوەبردنی سەرمایە و سەرمایەداری، تەنها ئامرازێک نییە بۆ چەواشەکردنی جەماوەر، بەڵکو بووەتە پێکهاتەیەک بۆ بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری و بەڕێوەبردنی دەسەڵات و سامان و کەڵەکەی سەرمایە، کە ڕۆژانە پراکتیزە دەکرێت لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و لە نێو کۆمەڵگەدا.

بنەماڵە و تائیفەگەری سڕینەوە و لادانی ململانێی چینایەتی نیە، بەڵکو شێوازێکی شێواوی ڕێکخستنی بۆرجوازیە لە کوردستان و عێراقدا لەبەرامبەر کاری بەکرێدا بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداران و بۆرجوازی و دەسەڵاتی سیاسیان، بنەماڵەکان و هێزە تائیفیەکان گەورەترین سودمەندن و بونەتە خاوەنی بەرزترین ئیمتیازات، لە بەدەستەوەگرتنی تەواوی سەروەت و سامانی کوردستان و بە فەرمیکردنی بە تاڵانی و جەردەیی و گەندەڵی.

دەسەڵاتی بنەماڵەیی و میلیشیایی کە ژیانێکی فرعەونیان بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان فەراهەم کردوە، لە بەرامبەریشدا ژیانی خەڵکیان لەچوارچێوەیەکی داخراودا وەک بەندکراو بە بارمتە گرتووە و گرفتار کردووە، لەلایەکی تریشەوە بەهیچ جۆرێک خۆیان ناکەنە بەرپرسیار لەبەرامبەر ژیان و پێداویستیەکانی خەڵکدا.

ئەم شێوازی حوکمە لە عێراق و کوردستان تەنیا شێوازێکی بیرکردنەوە نییە، بەڵکو سیستەمێکی تەواو سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە بۆ چەسپاندنی چەوسانەوە، واتە شێوازێک کە جومگەکانی دەسەڵاتداریەتی و پۆست و گرێبەست و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی و تەنانەت خوێندن و پەروەردە و تەندروستیش قۆرغ دەکات و لەنێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن، ئەمە تەنیا "فەرهەنگی بنەماڵە و تائیفی" نییە، بەڵکو سیستەمێکی بەرژەوەندیە کە لەڕێگەی دامەزراوە دەوڵەتیەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پارتە سیاسیەکان، ڕێبەرانی ئایینی و تەنانەت ڕەفتاری ڕۆژانەی خەڵکەوە خۆی دەپارێزێت.

ئەم دەسەڵاتی بنەماڵە و تائیفەگەریە سودی زیاتری بە بەشێک لە بۆرجوازی عێراق و کوردستان گەیاندووە، کە بۆ سەپاندن و فراوانبونەوەی زیاتری قڵشتی چینایەتی و برسیکردن وهەژارکردنی زیاتری کرێکاران و خەڵکی نەدارو کەمدەرامەتە، کە لەسەر حسابی بەدەستهێنانی زۆرترین کەڵەکەی سەرمایە کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن.

لە عێراقدا ملیۆنان هاوڵاتی سەر بە مەزهەبی شیعە هەن کە کەمدەرامەت و هەژارن، هەروەک چۆن بە ملیۆنان هاوڵاتی سەر بەمەزهەبی سوننە هەن کەمدەرامەت و هەژاریش هەن لەسایەی دەسەڵاتی تائیفی و میلیشیادا، لەهەمانکاتدا سەدان هەزار هاوڵاتی کوردیش هەن کە هەژار و کەمدەرامەتن لەسایەی هەردوو دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانیدا. بەڵام هەر نارەزایەتیەکی خەڵکی لەپێناو ماف و خواستەکانیاندا بە "هێڵی سوور" بەرەوڕوو دەبێتەوە، هەرجۆرە نارەزایەتیەک قەدەغە دەکرێت، نابێ ڕەخنەت لە سەرکردەکان هەبێت، چونکە "نوێنەرایەتیت دەکەن"، نابێت داوای مافەکانت بکەیت چونکە "مەزهەبەکەت و نەتەوەکەت" دەکرێتە ئامانج، بۆ ئەمەش چەندین هێزی میلیشیایان لەبەرامبەرتدا ڕێکخستوە.

بەم مانایە دەسەڵاتی بنەماڵە و تائیفەگەری تورەیی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت بۆ ترسێکی بنەمادار بە ناسنامە، بەم شێوەیە دەیانەوێت ململانێی چینایەتی بەتاڵکەنەوە، لەبەرامبەریدا ململانێی نێوان گروپەکان زاڵ بکەن کە بەرواڵەت هاوتەریبن، بەڵام تەنها لەڕووی ڕووکەشەوە یەکسانن، چینی دەسەڵاتدار بە هەموو فۆرمە بنەماڵەیی و تائیفیەکانیەوە سوود لەم دابەشبونە وەردەگرن و لەم ڕێگەیەوە دەسەڵاتی خۆیان بەرهەم دەهێنێتەوە.

ئەمڕۆ ڕووبەڕووی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزتر بوینەتەوە کە نەک تەنها لەبەرامبەر بۆرجوا ناسیۆنالیزمی عەرەب و کوردا وەستاوینەتەوە، بەڵکو بنەماڵە و تائیفەگەری و هێزە میلیشیاکانیان وەک ناسیۆنالیزم پراکتیزە دەکرێت و و سعودیە کاریگەری لەسەر دۆخی ئابوری و سەقامیگری ئەمنی ناوچەکە دەکات.

توندبوونەوەی شەڕی حوسیەکان و سعودیە، هەروەک چۆن جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆسەر ئێران؛ ترس، کوشتار، کاولکاری و نائەمنی بۆ ناوچەکە هێنا، بەهەمانشێوە کاریگەری دەبێت و هەلومەرجی ناوچەکە بەرەو خراپتر دەبات و فەزای هێزی میلیشیایی و کۆنەپەرستی لەناوچەکەدا بەهێز دەکات، بۆیە هێزە ئازادیخواز و کرێکاری و کۆمۆنیستەکان زەرورە هەروەک بەدژی سیاسەت و جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل وەستانەوە، بەهەمانشێوەش بەدژی سیاسەتی کۆنەپەرستانەو شەڕخوازانەی حوسیەکان و سعودیە بوەستنەوە، کە هیچ بەرژەوەندیەکی خەڵکی ناوچەکەو ئەو وڵاتانەشی تێدا نیە.

★

قۆرخی دەسەڵاتیان کردووە، گوایە دڵسۆز و هێمای دین و نەتەوەن و پیرۆز دەکرێن و دەبێت ملکەچی دەسەڵاتەکەیان بین.

هۆکاری ئەوانەش کە بەرگری لەم سیستمە دەکەن تەنها لەبەر نەزانی نیە، بەڵکو لەبەرئەوەیە سوودی لێ وەردەگرن و لەپاڵیا حەواونەتەوە، یان ترسیان لە هەر بەدیلێکی تر هەیە کە هیچ گەرەنتییەکیان پێشکەش نەکات، هەر لەم واقعەوە لەشکرێکی فراوان لە مشەخۆریان پێکهێناوە.

هەروەک چۆن کاڵاکان و بازار پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان دەشارێتەوە، بنەماڵە و تائیفەگەریش پەیوەندیەکانی ئیستغلالکردنی سەرمایەداری دەشارێتەوە، خۆی وەک "چارەنووس" دەخاتە ڕوو، لەکاتێکدا تەنیا ئامرازێکی ڕێکخراوەییە بۆ زاڵبون. بۆیە بنبڕکردنی ئەم سیستمە و کۆتایی پێهێنانی، ئەرکێکی پێویست و ئینسانی و حەیاتیە، کۆتاییهێنان بەم سیستمە ئەرکی هەر ئێستای خەبات و نارەزایەتی جەماوەریە، کە هەڵوەشاندنەوەی بەرژەوەندیە مادیەکان و تۆڕەکانی دەسەڵاتی دەوێت کە وەک حوکمێکی ئەبەدی بەدەست بنەماڵە و هێزە تائیفیەکانەوەیە. هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و تائیفی لەرێگەی چاکسازی لەهەمان پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتەدا ناکرێت، تەنها ڕێگایەکمان بەدەستەوەیە، دەبێت دەسەڵاتی بنەماڵەیی و تائیفی بۆ هەتاهەتایە کۆتایی پێبهێنرێت، خودی "دەوڵەت و دەسەڵات"، لەژێر هێژمۆنی دەسەڵاتی ئەواندا دەربهێنرێت ئازاد بکرێت.

نەهێشتنی دەسەڵاتی بنەماڵە و تایفەگەری بە مانای بانگەوازکردن نییە بۆ تیۆریە ناپەیوەندەکان بە خەباتی چینایەتیەوە، بەڵکو بە مانای ڕێکخستنی پراکتیکی دێت بۆ خولقاندنی ئاواڵەیی بونەوەی زیاتری دەرگای خەباتی چینایەتی و هاتنە مەیدانی خەڵک بۆ دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

کۆتایی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و تائیفەگەری بە مانای دەستبەرداربوونی خەڵک نیە لە دین ومەزهەب و نەتەوە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە شوناسی دەسەڵاتی مەزهەبی و تائیفی و بنەماڵەیی لە پێکهاتەی دەوڵەت دا نەمێنێ، پێناسەی دەوڵەت لەسەر بنەمای هاوڵاتی بون دەبێت.

خەبات بۆ کۆتایی دەسەڵاتی بنەماڵە و تائیفی، تەحەدای تیۆری و پراکتیکی مەیدانیە بۆ ئەنجامدانی شەرێکی ڕاستەقینە لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتەدا وەک سیستەمێکی سیاسی داپۆشراو لەسەر بنەمای چینایەتی، هەوڵدان بۆ دەور و کاریگەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و جەماوەری نارازی لە کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە، ڕەواندنەوەی ترس و دووبەرەکی و نائومێدیە لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشتر.

خەبات بۆ کۆتایی دەسەڵاتی بنەماڵە و تائیفی لە ئێستادا، لەو شوێنەوە سەرچاوەی گرتوو، کە بێزاری نارەزایەتیەکی بەرفراونی جەماوەری لە ئاستی سەراسەری عیراق و کوردستاندا واقعیە و بەدیدەکرێت، دیاردەیەکی بەهێزی جەماوەریە، پێویستە دروشمی "نا بۆدەسەڵاتی بنەماڵە و تائیفی" و "کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی بنەماڵە" بەرز رابگرین و کاری لەسەر بکەین، ئەوەی گرنگە دەستپێشکەری و پێشرەویە لە ڕێکخستنی ئەو نارەزایەتیانە و بەهێزکردنیان لە خەباتی ڕۆژانە و هەنگاو بەهەنگاومان تا گەیشتن بەکۆتایی ئەو شێوازە لەدەسەڵات و دابینکردنی دەوری خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

کاتێک فشار و بەشداری گشتی گەشە دەکات و زیاد دەبێت، پێویستە تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵات لەژێردەستیان دەربهێنرێت، پێویستە لە ئێستادا داواکاریەکان بەرەو گۆڕانکاری دامەزراوەیی برۆن: لە دادوەری، دارایی گشتی، میدیا و کۆنترۆڵی دامەزراوە ئەمنیەکان. چونکە ئەگەر تەنها کەسەکان لە هەمان چوارچێوەی بنەماڵە و هێزە تائیفیەکاندا بگۆڕدرێت، هەمان کێشە دووبارە دەبێتەوە، پێویستە دامەزراوەکانی دواتر وەها دروست بکرێن کە هیچ بنەماڵە و تایفە و حیزب یان تاکێک نەتوانێت هەموو دەسەڵاتەکان کۆنترۆڵ بکات.

پێویستە داواکاریەکان دیاریکراو بن، وەک سەربەخۆیی دادوەری، لێپرسینەوە لە هێزە ئەمنیەکان، ئازادی بێ قەید و بێمەرجی سیاسی، ئازادی ڕۆژنامەوانی، یەکخستنی هێزە چەکدارەکان لە ژێر دەسەڵاتی دامەزراوەی یاسایی و فەرمیدا، شەفافیەتی داهات و دارایی... کاتێک خەڵک دەیەوێت دەسەڵاتی بنەماڵەیی و تائیفی کۆتایی پێ بێت، نابێت تەنها "بنەماڵەکە و تائیفەکە" بگۆڕێت؛ دامەزراندنی ئەو سیستەمەی کە ڕێگە بە هیچ بنەماڵە و تائیفەیەک، یان حیزبێک بەهێزی میلیشیاوە نادات. دەبێت ئەو سیستەمە دامەزرێت کە هێزی چەکدار، دارایی، ئاسایش و دامەزراوە سیاسیەکان بە یەکەوە بگۆڕێت و کۆنترۆڵیان بکات، هیچ کەس، بنەماڵە و تائیفە، حزب یان گرووپێک مافی ئەوەی نییە دەسەڵاتی گشتی بە موڵکی تایبەتی خۆی بزانێت. بەمانایەک هەنگاونان بۆدەورانێک و پێکهێنانی دەسەڵاتێک کە زەمینەی دەور و دەخالەتی ڕاستەو خۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا دابین بکات.

ئامانجی خەبات گۆڕینی بنەماڵەی دەسەڵاتدار بە بنەماڵەیەکی تر نییە؛ ئامانج دروستکردنی سیستەمێکە کە هیچ بنەماڵە و تائیفەیەک نەتوانێت دەسەڵاتی خەڵک بۆ خۆی کۆ بکاتەوە.

ئەم دەسەڵاتی تائیفی و بنەماڵە و میلیشیا و کۆنەپەرستە شایستەی خەڵکی مۆدێرن و ئازادیخوازی عێراق و کوردستان نیە، ناشەرعی و نایاسایی و ناکۆمەڵایەتی و نامۆراڵیە، دژ بە مافەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتیە، وێرانکەری ژیانی خەڵک و ئایندەی عێراق و کوردستانن، پێداویستیەکی حەیاتیە کە خەباتمان لە پەیوەند بە ماف و خواستی خەڵکەوە فۆکس بخاتە سەر کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتانە.

★

# بڕیارنامە دەربارەی خەبات دژی گرانی!

## پەسەندکراوی پلینۆمی ٣٣ی کۆمیتەی ناوەندی حزب

### پێشەکی

گرانی بەڕادەیەک بەرەوسەرچووە کەتەنگی بە جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کریکار و زەحمەتکێشی کوردستان هەڵچنیوە. ژیانی ئەوانی گۆریوە بۆ جەنگیکی رۆژانە لەپێناو مانەوەدا. جیاوازی نێوان ئاستی داهاتی خێزانە کرێکاری و توێژە کەمدەرامەتەکان بە بەراورد بە داهات و سامانی هەردوو بنەماڵەی دەسەڵاتدار و بەرپرسانی حیزبی و حکومی و خاوەن کۆمپانیاکان، لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ خەرجییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەتادێت قوڵتر دەبێتەوە. گرانبوونی بەردەوامی کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، کەمبوونەوەی توانای کڕین، نەبوونی کار و داهاتی جێگیر، و خۆدزینەوەی دەسەڵات لەهەرجۆرە بەرپرسیارێتیەک بەرامبەر بە ژیانی خەڵک و پوکاندنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی بەرەو هەژاری و برسێتی و کارەسات بردوە.

ئەگەرچی پاساوەکانی دەسەڵاتداران بەرامبەر بەم دۆخە سەختە ئابورییە، ئەوەیە کە بەغدا شایستە داراییەکانی هەرێم نانێرێت، یاخود ئەوەی کە ئەم گرانی و نەبونیە بەرئەنجامی دۆخی جەنگی ناوچەکەیە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم بارودۆخە نەک بەرەنجامی هیچکام لەو پاساوانەی دەسەلاتدارانی هەرێم نیە، تەنانەت بە تەنهاش بەرئەنجامی گرانبوونی کاڵاکان و لەڕادەبەدەر لە خوارەوەبوەنی کرێ و مووچەکان نییە؛ بەڵکو ڕاستەوخۆ ئاکامی سیاسەتە ئابووری و داراییە بۆرژواییەکانی حکومەتی هەرێم و هەردوو حزبی بنەماڵەیی فەرمانڕەوا (یەکێتی و پارتی) یە کە لەسەر تالانی و گەندەڵی و دەستگرتن بەسەر داهاتی گشتی و سەپاندنی جۆرەها باج و لەناوبردنی هەرجۆرە خزمەتگوزاریەکی گشتی بەناوی چاکسازیەوە، بنیاتنراوە.

لەبەرامبەردا دۆخی ئیستای ژیان و بژێوی خەڵکی کوردستان بەجۆرێکە کە مووچە و هەقدەستەکان ئەوەندە کەم و لە خوارەوەن، کە بۆ بەشێکی یەکجار زۆر لە کرێکاران و فەرمانبەران، تەنها بۆ چەند کاتژمێرێک لە دەست و گیرفانیاندا دەمێنێتەوە. سەرباری ئەوەش دواکەوتنی مووچە، لێبڕینی بەردەوام، زیادکردنی جۆرەها باج و خەرجی زیاتر و زیاتر لەسەر خەڵک، نەبونی هیچبیمەیەکی بێکاری و کۆمەڵایەتی، فشارێکی وەها گەورەیان لەسەر خێزانە کرێکاری و کەمدەرامەتەکان دروست کردووە، کە بەتەواوی لە سنوری تەحەمولکردن دەرچووە.

لەبواری تەندروستی و پزیشکیشدا بەکردەوە ژیان و سەلامەتی بەشێکی بەرچاوی خەڵک لەبەردەم مەترسیدایە. خەستەخانەکان و نەخۆشیەکان پێکەوە دژی خەڵک یەکیان گرتووە!. لاوازکردن و پوکاندەوەیدەوری نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییە گشتییە حکومیەکان و گۆڕانی تەواوەتی بواری تەندروستی بۆ یاساکانی بازاڕ و کەڵەکەی سەروەت، کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی بوارەکە لەلایەن نەخۆشخانە تایبەتەکانی سەربە دەسەڵات و بەرپرسانەوە، دۆخێکیان خوڵقاندوە کە خەڵکی ئاسایی خەریکە بەیەکجاری لە دکتۆر و دەرمان بێبەشدەکرێن! خێزانەکان لەئاستێکی فراواندا ناچاربوون بۆ دابینکردنی خەرجی نەشتەرگەری و چارەسەری نەخۆشی، ماڵوحاڵی خۆیان بفرۆشن، قەرز بکەن یان پەنابببەنەبەر خزم و کەسوکار، یاخود بەئازارەوە چاوەڕێی مەرگی نەخۆشەکانیان بکەن.

لەبواری خوێندندا، لاوازکردن و هینانەخوارەوەی ئاستی خوێندنی گشتی و پەرەسەندنی خوێندنی تایبەت و گۆڕانی بۆ بازرگانی و قازانج لە هەموو ئاستەکاندا، دەرفەتی خوێندنی یەکسانی بۆ منداڵانی خێزانە کرێکاری و کەمدەرامەتەکان نەهێشتوەتەوە. لەبواری پەیداکردنی کاریشدا دەرچووانی خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆ حکومیەکان ڕووبەڕووی بێکاری و نەبوونی دەرفەتی کار دەبنەوە بەبەراورد بە خوێندگاو پەیمانگاو زانکۆ ئەهلی و تایبەتەکان.

سپاردنی بازاڕی سوتەمەنی بە کۆمپانیاکانی سەر بە هەردو حزبی دەسەڵاتدار و بەرپرسانیان، بەرزبوونەوەی لە ڕادەبەدەری نرخی بەنزین، نەوت، گاز و غازی ماڵان و کارەبا بارێکی قورسی لەسەر ژیانی خەڵک داناوە؛ بەشێوەیەک کە لە زستاندا توانای گەرمکردنەوە و لە هاویندا توانای فێنککردنەوەی ماڵەکانیان نییە.

لەپەیوەند بە خۆراک و کەلوپەلی ژیانی رۆژانەوە،لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان لە دەرەوەی هەرێمەوە دێت،

حکومەت و ئەحزابی دەسەڵاتدا لەجیاتی پشتیوانی لەنرخەکان، جۆرەها باج و گومرگ و خەرجیی جۆراوجۆر زیاد دەکەن کە راستەوخۆ خەڵک باجەکەی دەداتەوە. لەگەڵ گۆڕانی نرخی دینار و دۆلار، بەردەوامنرخی کاڵاکان بەرەوسەر دەبات و توانای کڕینی خەڵکی روو لە دابەزین دەکات.

سەرباری هەموو ئەوانە گەندەڵی، تالان و دەستگرتن بەسەر سامان و داهاتی گشتی و کۆنترۆڵکردنی جومگە ئابوورییە گرنگەکان لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو دەستو پێوندەکانیانەوە، بووەتە هۆی کۆبوونەوەی سامانێکی لەرادەبەدەر لە دەستی کەمینەیەکی مشەخۆرو تالانچیدا، لەکاتێکدا بەشێکی زۆری کۆمەڵگا راپێچی هەژاری و برسێتی و نەداری کراوە!

بۆیە گرانی و دابەزینی ئاستی ژیان پێویستی بە وەڵامێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی فراوان هەیە؛ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێیوایە کە ریشەی گرانی و نەبونی و خراپی باری ئابوری کرێکاران و کارمەندان و بەشی زۆری کۆمەڵگا، لەدەسەڵات و سیستەمی سەرمایەداریدایە، هەربۆیە وەلانانی ئەم دەسەڵاتەو گۆڕینی ئەم سیستەمە، بەدەسەڵات و سیستەمێک کە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بداتە دەستی نوینەرانی هەڵبژێرداوی راستەوخۆی خەڵکە؛ واتە (حکومەتی شوراکان)، دەتوانێ هەنگاوێکی گرنگ بەرەو کۆتاییهێنان بە گرانی و هەژاری و نایەکسانی ئابوری بنێت و ژیانێکی شایستەو خۆشگوزەران بۆ هاوڵاتیان دابین بکات. بەڵام هەرئێستاش دەتوانرێ لەرێگای فشاری جەماوەرییەوە سنورێک بۆ ئەم گرانی وهەژاریە دابنرێ لەرێگای سەپاندنی سیستەمی بیمەکان بەسەر دەسەڵاتدارانی کوردستاندا.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەپێناو بەرێخستنی فشارێکی جەماوەری فراوان کە بتوانێ گەروی هەردو حیزبی دەسەڵاتدار بگوشێت و بژیوی خەڵکیان لەدەست دەربهێنێت، ئەم هەنگاوانە دەخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە و بانگەوازی هەموو هەڵسوراوانی کرێکاریی و جەماوەری دەکات کە لەدژی گرانی و دۆخی ناهەمواری بژێوی سەپاو بەسەر کۆمەڵگادا، یەکگرتوانە هەوڵ وتێکۆشانی خۆیان یەکگرتووبکەن:

## ئاراستە و مەیدانەکانی خەبات دژی گرانی:-

خەبات دژی گرانی و ئەم کارەساتەی باڵی بەسەر ژیانی خەڵکدا کێشاوە پێویستە لەم ئاراستانەدا پەرەبگرێت:-

**١. خەبات دژی گەندەڵی و لەپیناو گێڕانەوەی پارەو مومتەلەکاتە دزراوەکان:**

بەرپرسانی گەندەڵ و ئەوانەی دەستیان بەسەر سامانی گشتی و داهاتی خەڵکدا گرتووە، ئاشکرا بکرێن؛ موڵک و سامانیان دەستی بەسەردا بگیرێت و بڕی سامانی گەڕێندراوەوە بەشێوەیەکی تەواو شەفاف بۆ خەڵک رابگەیەنرێت و تەرخان بکرێت بۆ زیادکردنی کرێ و موچە و دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان.

**٢. هەڵوەشاندنەوەی باج و خەرجییە سەپێنراوەکان:**

هەموو ئەو باج و سەرانانەی بەناوی یاساوە بەسەر هاوڵاتیانی کەمدەرامەتدا سەپێنراوە، هەڵبوەشێنرێنەوە؛ باج لەبنەڕەتدا دەبێ تەرخان بکرێت بۆ دابینکردنی بیمە و خزمەتگوزاری گشتی. حکومەتێک کە هیچ خزمەتگوزاریەکی گشتی دابین ناکات و هیچ بەرپرسیارێتیەکی ژیانی خەڵک ناگرێتە ئەستۆ، مافی ئەوەی نیە هیچ جۆرە باجێک لە خەڵک وەرگرێت.

**٣. هەڵوەشاندنەوەی گومرگی کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکان:**

گومرگ لەسەر ماددەی خۆراکی، دەرمان و کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانە هەڵبوەشێنرێتەوە. لەجیاتی ئەوە حکومەت دەبێ پشتیوانی نرخی پێداویستیە سەرەکی و سەرەتاییەکان بکات و ئەو بەشە خۆراکەی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکرێت دەبێ بکرێتە مانگانە و بە کوالێتی باش و هەموو مەوادە پێویستەکان بگرێتەوە.

**٤. باج لەسەر سەرمایە و خاوەن کۆمپانیا گەورەکان:**

دەبێ باجی رووڵەسەر لەسەر سەرمایەداران و کۆمپانیا و کارگە و دامەزراوە گەورەکان دابنرێت کە قازانج کەڵەکە دەکەن و سەرچاوەی پیسبونی ژینگەی وڵات و جۆرەها نەخۆشین. داهاتی ئەم باجانە بە تەواوی و بەشێوەیەکی شەفاف بخرێتە ناو خەزێنەی گشتی و بۆ بیمە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان خەرج بکرێت.

**٥. تەندروستی و دەرمانی خۆڕایی و گشتی:**

حکومەت بەرپرسە لە دابینکردنی دکتۆر و دەرمانی پێویست و کوالێتی بەرز بە نرخێکی رەمزی بۆ خەڵک. دەبی بەشێک لە داهاتی گشتی بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی تازە و باشترکردنی کوالێتی خزمەتگوزاری لە نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستییە حکومییەکان بەکاربهێنرێت. کوالیتیی خزمەتگوزارییەکان بەرز بکرێتەوە و دەرمان، پشکنین، چارەسەر و نەشتەرگەری بۆ خەڵکی کەمدەرامەت بەخۆڕایی یان بە نرخی رەمزی دابین بکرێت.

**٦. سوتەمەنی، کارەبا، ئاو و گاز بە نرخی پشتیوانیکراو:**

بەنزین، نەوت، گاز، کارەبا و ئاوی خواردنەوە بە نرخێکی هەرزان و پشتیوانیکراو لەلایەن حکومەتەوە دابین بکرێن. پێویستە بەشێک لەو نەوتەی لە کوردستان دەردەهێنرێت پێش هەموو شتێک بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خەڵک لە سوتەمەنی و هەروەها باشترکردن و فراوانکردنەوەی تۆڕەکانی ئاوو کارەبا تەرخان بکرێت.

**٧. بەرزکردنەوەی مووچە و دابینکردنی بیمەی بێکاری:**

مووچە و هەقدەستی کرێکاران و مووچەخۆران بەرزبکرێتەوە بەشێوەیەک کە لەگەڵ هەڵاوسان و خەرجییەکانی ژیاندا بگونجێت. هەروەها بیمەی بێکاری و لانی کەمی ژیان بۆ هەموو بێکارانی ئامادە بەکار، ژن و پیاوەوە دابین بکرێت.

**٨. خوێندنی گشتیی بەکواڵیتی بەرز و دامەزراندنی دەرچووان:**

کوالیتی خوێندن لە خوێندنگا، پەیمانگا و زانکۆ گشتییەکان بەرز بکرێتەوە و دەرفەتی یەکسانی خوێندن بۆ هەمووان دابین بکرێت. هەموو ئەو دەرچووانەی بۆماوەیەکی درێژ بەشێوەی خۆبەخش لە دامەزراوە حکومییەکاندا کاردەکەن، بەپێی پێویستی و توانای دامەزراوەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دامەزرێن و مافی بیمە و هەقدەستی یاساییان بۆ دابین بکرێت.

**٩. مافی نیشتەجێبوون و کرێی گونجاو:**

حکومەت بەرپرسیارێتی خۆی بۆ دابینکردنی خانووی گونجاو و نیشتەجێبوونی شایستە بۆ خێزانە کرێکاری و کەمدەرامەتەکان جێبەجێ بکات. یەکەکانی نیشتەجێبون بە نرخی گونجاو و قیستی درێژخایەن یان زەوی لەگەڵ قەرزی بانکی بەبێ سوود و بەشێوەی درێژخایەن، بەسەر خێزانە کرێچیەکاندا دابەش بکات. هەروەها کرێی خانوو و خەرجییەکانی نیشتەجێبوون بەشێوەیەک کۆنترۆڵ بکرێن کە لەگەڵ داهاتی خێزانە کرێکاری و کەمدەرامەتەکان بگونجێت و هیچ خێزانێک بەهۆی نەبوونی توانای داراییەوە بێخانەولانە نەکرێت.

## پێویستی بەڕێخستنی بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری دژی گرانی:

بەدیهێنانی ئەم خواستانە تەنها بە بانگەشە و بەرزکردنەوەی داخوازی بەدی نایەت؛ پێویستی بە خەباتێکی ڕێکخراو و بەردەوامی جەماوەری هەیە. لەمبارەیەوە دەبێ کار و هەڵسورانێکی هەمەلایەنەی سیاسی و جەماوەری بەڕێبخرێت. لەوانە ئەرکی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستانە کە کار بۆ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بکات::-

**١. کردنی پرسی گرانی بە بابەتی ڕای گشتی:**

-هەوڵدان بۆئەوەی لەڕێگەی کۆبوونەوە، سیمینار، وتووێژ، کەمپین، بڵاوکردنەوەی زانیاری و چالاکییە جەماوەرییەکانەوە، پرسی گرانی و دابەزینی ئاستی ژیان بکاتە بابەتێکی سەرەکیی ڕای گشتی.

**٢. دروستکردنی بلۆکێکی فراوانی دژی گرانی:**

پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ کەسایەتییە جەماوەری و کرێکارییەکان، سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان، خوێندکاران، بێکاران، مامۆستایان و هەموو ئەو لایەن و ڕێکخراو و حزبە سیاسییانە بکرێت کە ئامادەی خەباتی هاوبەشن بۆ کەمکردنەوەی باری گرانی و باشترکردنی ژیانی خەڵک.

**٣. ئامادەکردنی لایحەیەکی هاوبەشی داواکارییەکان:**

لەگەڵ ئەو لایەن و ڕێکخراوانەی بەشداریی ئەم بزوتنەوەیە دەکەن، لایحەیەکی هاوبەش لەسەر خواست و داواکارییە سەرەکییەکان ئامادە بکرێت کە هەم بە شێوەیەکی ڕەسمی ئاراستەی حکومەت و دەسەڵات بکرێت، هەم بکرێتە ئاڵای خەباتیکی هەمەلایەنە.

**٤. فراوانکردنی بزوتنەوەکە لە سەرجەم شار و شارۆچکەکان**

بەپێی توانای ڕێکخراوەیی و جەماوەری، کار لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان بکرێت و زۆرترین ژمارەی خەڵک لە دەوری ئەم خواستانە کۆبکرێنەوە، بۆ زیادکردنی فشاری جەماوەری لەسەر حکومەت و دەسەڵاتداران بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان.

**٥. دروستکردنی پشتیوانی لە دەرەوەی وڵات**

لە دەرەوەی وڵاتیش هەوڵ بدرێت لەڕێگەی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و جالیەی کوردی لە دەرەوەی وڵات، پشتیوانیی جەماوەری و سیاسی بۆ ئەم بزوتنەوەیە بەدەست بهێنرێت و فشار لەسەر حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتداران دابنرێت بۆ وەڵامدانەوە بە خواست و پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵک.

## کۆتایی

گرانی و هەژاری چارەنووسێکی سروشتی و نەگۆڕ نییە. ئەو سیاسەتانەی سامانی کۆمەڵگا لە دەستی کەمینەیەک کۆدەکەنەوە و باری قەرەبووکردنەوەی کێشە ئابوورییەکان دەخەنە سەر شانی کرێکاران و خەڵکی کەمدەرامەت، بەشێکە لە میکانیزمی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و دەتوانرێت بە خەباتی ڕێکخراو و جەماوەری بگۆڕدرێن.

بۆیە خەبات دژی گرانی تەنها خەبات بۆ کەمکردنەوەی نرخی کاڵایەک نییە؛ بەڵکو خەباتە بۆ نان، دەرفەتی کار، دەرمان، خوێندن، خانوو، مووچەی شایستە و ژیانێکی سەردەمیانە.

بزوتنەوەیەکی فراوان و یەکگرتووی کرێکاران، خەڵکی کەمدەرامەت، بێکاران، ژنان، خوێندکاران و هەموو ئەو توێژانەی کە لە گرانی و هەژاری زیان دەبینن، دەتوانێت ببێتە هێزێکی کاریگەر بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخە. ئەرکی حزبی کۆمۆنیستی کریکارییە ئەم بزوتنەوە جەماوەریە ڕێکخراو و یەکگرتووبکات و بیهێنێتە مەیدان.

# کارنامەی سەرمایەداری

## لە بەرنامەی حزبەوە( بەرنامەی دنیای باشتر)ەوە!

نیزامی سەرمایەداری سەرچاوە و هۆی مانەوەی هەموو ئەو کوێرەوەریانەیە کە بەرۆکی ئینسانی ئەمڕۆی گرتووە. هەژاری و بێبەشی، جیاکاری و نایەکسانی، ئیستبداد و سەرکوتی سیاسی، نەزانی و خورافە و دواکەوتوویی کەلتووری، بێکاری، بێخانەولانەیی، نائەمنیی ئابوری و سیاسی، گەندەڵی و تاوان هەرهەموویان ئاکامی حەتمیی ئەم نیزامەن. قسەکەرانی بۆرژوازی بۆ نکوڵیکردن لەم حەقیقەتە، پێمان دەڵێن کە سەرمایەداری داهێنەر و خوڵقێنەری ئەم مەینەتیانە نییە، هەموویان بەرلە سەرمایەداریش هەر هەبوون، پێمان دەڵێن کە چەوسانەوە و دەسبەسەراگرتنی دەسرەنجی بەرهەمهێنەران، سەرکوت، جیاکاری، ستەمکێشی ژن، نەزانی و خورافە و دین و لەشفرۆشی کەموزۆر هاوتەمەنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین.

ئەوەی لەم نێوەدا پەردەپۆش دەکرێ ئەو ڕاستییەیە کە یەکەم، هەموو ئەم کوێرەوەری و بێبەشیانە لەم کۆمەڵگەیەدا ناوەڕۆک و مانایەکی تازەیان پەیدا کردووە کە لەگەڵ پێداویستیەکانی دنیای سەرمایەداریدا دێنەوە و هەموو ڕۆژێک لە هەناوی سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆوە و وەکو بەشێکی جیانەکراوەی ئەم نیزامە، سەرلەنوێ بەرهەم دێنەوە. سەرچاوەی هەژاری و برسێتی، بێکاری و بیخانەولانەیی و نائەمنیی ئابووری لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، نیزامی ئابووری سەرەتای سەدەی بیست و یەکە. سەرکوتگەری و دیکتاتۆریەتە خوێناویەکان، جەنگەکان، کوشتارە بەکۆمەڵەکان و سەرکوت و داپڵۆسینێک کە لە ژیانی ئەمڕۆدا بووەتە نسیبی سەدان ملیۆن ئینسان، حیکمەتی خۆیان لە پێداویستی و پێشمەرجەکانی نیزامی زاڵ بەسەر دنیای ئەمڕۆدا وەردەگرن و خزمەت بە بەرژەوەندیەکی دیاریکراوی هەر ئەم دنیایە دەکەن. ژێردەستەیی ژن ئەمڕۆ لە پانتایی جیهاندا، بەرئەنجامی ئابوری و ئەخلاقییاتی سەدەکانی ناوەڕاست نییە، بەرئەنجامی نیزامی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەها ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆیە.

دووەم، ئەوە بۆرژوازی و نیزامی سەرمایەداریە کە هەمیشە و بە سەرسەختانەترین شێوە لە دژی هەوڵی هەموو ڕۆژەی جەماوەری فراوانی خەڵک ڕادەوەستێ لە چوارگۆشەی جیهاندا کە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کوێرەوەری و بێبەشی و دوواکەوتوویانەدا لە ئارادایە. هەوڵی هەموو ڕۆژەی کرێکار بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ئابوری و گوزەرانی، وە هەروەها لەپێناو مافە مەدەنییەکانی جەماوەری فراوانی خەڵک جگە لە بۆرژوازی و حیزب و دەوڵەت و زورناژەنەکانی هیچ کۆسپێکی تری لەبەردەمدا نییە. یەکەمین کۆسپ کە دێتە ڕێگای خرۆشانەکانی جەماوەری فراوانی خەڵک لە ناوچە دواکەوتو و بێبەشەکان بۆ دەخالەتکردن لە چارەنووسی خۆیاندا، هێزی سەرکوتی بۆرژوا خۆجێی و نێونەتەوەییەکانە. دەوڵەت، دین وەکو دامەزراوێک، میدیاکان و دەزگا ڕاگەیاندنە زەبەلاحەکانی بۆرژوازی، دابونەریت و ئەخلاقییات و سیستمی پەروەردە و فێرکردنی چینی دەسەڵاتدار هەموویان دەبنە مایەی قەوارەپێدانی بیروباوەڕە دواکەوتووو دەمارگیر و تەفرەقەئامێزەکان لەنێو جەماوەری خەڵک و نەوە یەک لەدوای یەکەکاندا. گومانی تێدا نییە کە ئەوە سەرمایەداری و بۆرژوازیە کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ڕەخنەگرتن و گۆڕینی جیهانی ئەمڕۆ لەلایەن ئەو ملیۆنەها ئینسانەوە کە نە تەنها لەم نیزامەی ئێستا دەنگیان دەرهاتووە بەڵکو کەموزۆر بەو هێڵە گشتیانەش گەیشتوون کە دەبێ لەسەر بنچینەیان کۆمەڵگەیەکی شایستەی ئینسانی بنیات بنرێ.

ئەمڕۆ، لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکدا و لەوپەڕی جیهانیبوونەوەی سەرمایە و سەرمایەداریدا، لەجەرگەی مەزنترین شۆڕشە تەکنەلۆژیەکاندا، مرۆڤایەتی یەکێک لە ترسناکترین قۆناغەکانی مێژووی خۆی بەسەردەبات. مەسەلەی مانەوەی فیزیکی بووەتە گرفتی ملیۆنەها ئینسان لە وڵاتانی گیرۆدەی هەژاری ئەفریقیا و ئاسیاوە تا ناوجەرگەی پایتەختەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا. بێئومێدی بەتەواوی جێگای ئومێد بە گەشەی ئابووریی کۆمەڵگە دواکەتووەکانی گرتۆتەوە. کابووسی هەمیشەیی قاتوقڕی و بێخۆراکی و نەخۆشی جێگای خەونی گەشەی گرتۆتەوە. لە ئەوروپا و ئەمریکای پێشکەوتوودا بەدوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە متبوونێکی قووڵی ئابووری، مژدەی نیوەناچڵی "ڕەونەق بەبێ دەرفەتی کارکردن" ڕێک هەمان کابووسی ناوەتە بەردەم ملیۆنەها خێزانی کرێکاری. جەنگ و کۆمەڵکوژی لە هەر پێنج کیشوەرەکەدا بێداد دەکات. مەزنترین پاشەوپاش گەڕانەوەی فیکریی و کەلتووریی لەئارادایە، هەر لە پەرەسەندنەوەی سەرلەنوێی دواکەوتوویی دینی، پیاوسالاری، نەژادپەرستی، ڕەگەزپەرستی و فاشیزمەوە تا دەگات بە هەرەسهێنانی ماف و پلەوپایەی تاکەکان لە کۆمەڵگە و سپاردنی هەموو بوون و ژیانی ملیۆنەها خەڵک لە منداڵ و پیر و لاو بەدەستی بێڕەحمی بازاڕی ئازاد. تاوانی نەخشەمەندانە لەزۆربەی وڵاتەکاندا بووەتە واقعیەتێکی چەسپاو لەژیانی ڕۆژانەی خەڵک و ژیانی ئابوری و سیاسی هەموو کۆمەڵگە. ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و توانای ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری تۆڕە تاوانکارەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم مادانە بووەتە گرفتێکی هەرەگەورە و لەچارەنەهاتووی نێونەتەوەیی. نیزامی سەرمایەداری و مەبدەئی هەموو شتێک لەپێناوی قازانجدا، تێکڕای ژینگەی لەگەڵ مەترسی گەورە و زیانی لەقەرەبوونەهاتوو ڕووبەڕوو کردۆتەوە. لەم نێوەدا بیرمەندان و قسەکەرانی بۆرژوازی تەنانەت هیچ جۆرە وەڵامێکیشیان پێ نییە لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجەدا. ئەمە واقعیەتی عەمەلیی سەرمایەداری ئەمڕۆیە کە ئایندەیەکی یەکجار پڕمەترسی دەخاتە بەردەم هەموو خەڵکی جیهان.

# مەراسیمی ناشتن و ڕێزنان لە خەبات و تێکۆشانی هاوڕێ مستەفا یونسی!





ڕۆژی ١٩ی سێپتێمبەر، بە بەشداری هاوڕێیان و دۆستانی حزب لە کەنەدا و منداڵەکان و کەسوکاری و ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێیان و دۆستانی هاوڕێ مستەفا لە شاری تۆرنتۆ مەراسیمی ناشتنی تەرمی هاوڕێ مستەفا یونسی، ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی کەنەدای حزب کەسایەتی ناسراو و بەرجەستەی کۆمۆنیستی کرێکاری، بەڕێوەچوو. سەرەتای مەراسیمەکە بە خولەکێک وەستان بۆ ڕێزنان لە کارو خەباتی هاوڕێ موستەفا بە سروودی ئەنتەرناسیۆنال دەستی پێکرد .

پاشان (لەیلا یونسی )کچی هاوڕێ موستەفا و (خالید ڕەحیمی) لە جیاتی خێزانی هاوڕێ موستەفا قسەوباسیان کرد. دوای ئەوە فیلمێک سەبارەت بە ژیانی خەباتکارانەی هاوڕێ موستەفا نمایش کرا.

هاوڕێ (سەردار عەبدوڵا حەمە ) ئەندامی کۆمیتەی کەنەدای حزب ووتەی کۆمیتەی کەنەدای پێشکەش کردو لەووتەکەیدا سەرەڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ هەردوو کچەکەی هاوڕێ مستەفا و بنەماڵەکەیدا، باسی لە دەوروونەخشی گرنگی هاوڕێ موستەفا کرد لە کارو هەڵسورانی ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستی و بەتایبەتیش کۆمۆنیزمی کرێکاری کە مێژوویەکی دەیان ساڵەی ژیانی خەباتکارانەی ئەو هاورێیەمانی پێکدەهێنا. هەروەها ئاماژەی بەو وکرد کە هاوڕێ مستەفا لەساڵی ٢٠٢٢ەوە درێژەدان بە کاری کۆمۆنیستی و حزبی خۆی لەناو ڕیزەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا هەڵبژارد و سەرەنجام وەکو کادرێکی چالاک و ڕاوێژکاری کۆمیتەی کەنەدای حزب و بەرپرسی شورای کادرانی حزبی لە دەرەوەی کوردستان کارەکانی ئەنجام دەدا. بێجگە لەوە بەرپرسی پەیوەندیەکانی کۆمیتە بووە لەگەڵ ڕێکخراو و کەسایەتیە کرێکاری و کۆمۆنیستیەکانی کەنەداو هەروەها چەندین لێدوان و گفتوگۆی سیاسی بۆ میدیاکانی حزب و نزیک لە حزب ئەنجام داوە. پاشان هاوڕێ (جەلال سەعید ) بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە کەنەدا پەیامی فیدراسیۆنی خوێندەوەو ئاماژەی بەوەکرد کە هاوڕێ مستەفا کەسێکی چالاک و هەڵسوراو بوو، ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری فیدراسیۆن بوو. لێبڕاوانە هاوکاری ئەو پەنابەرانە دەکرد کە تازە دەهاتنە کەنەداوە. دواتر، چەندین کەسایەتی و لایەنی سیاسی ئێرانی و عێراقی و هاورێی دێرینی هاوڕێ مستەفا قسەوباسیان کرد و ئاماژەیان بە مێژووی چەندین ساڵەی خەباتکارانەی هاوڕێ مستەفا کرد لەناو بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئێران و عێراقدا.

شایانی ئاماژەیە کە دوای تەواوبوونی مەراسیمەکە، لە کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ تەرمی هاوڕێ موستەفا کە بە ئاڵای سوور داپۆشرابوو، بە بەشداری نزیکەی ٢٠٠ کەس بەرەو گۆرستانی نزیک هۆڵی مەراسیمەکە لە Elgin mills memorial homeلە شاری تۆرنتۆی کەنەدا بەڕێکرا.

هەر بۆ بەرزڕاگرتنی ژیانی پڕ لەخەبات و تێکۆشانی هاوڕێ مستەفا یونسی، کۆمیتەی کەنەدای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان مەراسیمێکی شکۆدار سازدەکات لە ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦، لە کاتژمێر ٥ تا ٨ی ئێوارە لەم ئادرێسەی خوارەوە:

74Firavally Court
Warden Wood Community centre
Toronto – Canada